# سیاسەتی دەرەکیی ڕوسیای فیدراڵ بەرانبەر عێراق لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) "توێژینەوەیەکی شیکاریی"

پ.د.دانا علی صالح *                م.کارزان عمر علی**

وشە کلیلییەکان: سیاسەتی دەرەکیی، روسیا، بەرژەوەندی، نەوت و غاز، پیشەسازی سەربازیی، کۆمپانیا ڕووسییەکان، عێراق.
https://doi.org/10.31271/jopss.10100

## پوختە

لە دوو دەیەی ڕابردوودا روسیا سیاسەتێکی دەرەکیی چالاکی پەیڕەو کردووە; عێراق یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی جێی بایەخی روسیا بووە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە دەرەکییەکان. ئەم توێژینەوەیە لێکدانەوە بۆ سیاسەتی دەرەکیی روسیا پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەکات. گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە خوێندنەوەی گرنگیی پێگەی عێراق لە سیاسەتی دەرەکی ڕووسیدا دەبینێتەوە، لەڕێگەی شیکردنەوەی بوارەکانی دیپلۆماسی، ئابووری و بازرگانی و سەربازی بە ئامانجی دەرخستنی سەنگ و قورسایی ئەم بوارانە لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسییدا لە عێراق. لە میانەی توێژینەوەکەدا و لەڕێگەی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە هەوڵی سەلماندنی ڕاستی و درووستیی گریمانەی توێژینەوەکە دراوە، کە لەم بیرۆکەیەدا دەیخەینەڕوو: "عێراق ئەو دەوڵەتەیە کە روسیا دەتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییە دەرەکییەکانی بکات ئەگەر لە بوارەکانی دیپلۆماسی، بازرگانی و سەربازی بەشێوەیەکی چالاك ڕۆڵ بگێڕێت". لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە روسیا لەڕێگەی پشتیوانیکردنی بوارەکانی دیپلۆماسی، بازرگانی نەوت و غازی سروشتی لەگەڵ بواری سەربازی لە سیاسەتێکی دەرەکیی خۆیدا، هۆکار بووە بۆ بینینی ڕۆڵێکی کاریگەر لە عێراقدا.

## ملخص

### السياسة الخارجية الروسية تجاه العراق خلال السنوات ٢٠٠٣-٢٠٢٠ "دراسة تحليلية"

ملخص: في العقدين الماضيين، اتبعت روسيا سياسة خارجية نشطة. أصبح العراق من الدول التي

---

* بەشی زانستە ڕامیارییەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
dana.salih@univsul.edu.iq

** بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
karzan.muhammed@univsul.edu.iq

أرادت روسيا الاحتفاظ بمصالحها الخارجية معها. تحاول هذه الورقة تحليل السياسة الخارجية الروسية في العراق بعد التغلب على سلطة صدام حسين. تتمثل المشكلة الرئيسية لهذا البحث في شرح اهمية المكانة العراقية في السياسة الخارجية الروسية من خلال تقييم المجالات المختلفة للدبلوماسية والاقتصاد والجيش للسياسة الخارجية الروسية في العراق. تستند هذه الورقة إلى افتراض مفاده أن "العراق هو الدولة التي يمكن لموسكو أن تحقق فيها أهدافها إذا كان لروسيا دور فاعل في المجالات الدبلوماسية والاقتصادية والعسكرية في سياستها الخارجية تجاه العراق. ولإثبات هذه الفرضية، استخدم البحث منهج تحليل المحتوى من خلال جمع مصادر ومعلومات مختلفة للحصول على إجابة السؤال الرئيسي. وأخيراً ، خلص البحث إلى أن روسيا مارست سياسة خارجية فاعلة ، ونجحت إلى حد كبير في تحقيق أهدافها في العراق.

**Abstract**

**Russian Foreign Policy towards Iraq during 2003-2020 "An Analytical Study"**

Abstract: in the last two decades Russia pursued an active foreign policy. Iraq has become one of those states in which Russia wanted to keep its foreign interests with it. This paper tries to analyze the Russian foreign policy in Iraq after overcoming Saddam Husein’s power. The main problem of this research is to explain the important position of Iraq in Russian foreign policy by assessing different areas of Diplomacy, economics, and the military of Russian foreign policy in Iraq. This paper is based on an assumption which is “Iraq is the state in which Moscow can achieve its goals if Russia has an active role in its diplomatic, economic, and military in its foreign policy towards Iraq. In order to prove this hypothesis, the research utilized the Content Analysis Method by collecting different sources and information for obtaining the answer to the main question. Finally, the research concludes that Russia practiced an active foreign policy, and to a large extent succeeded in achieving its aims in Iraq.

## پێشەکی:

یەکێك لەو دەوڵەتانەی لە بیست ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی دەرەکیی زۆر چالاکی پەیڕەوکردووە، روسیا بووە. روسیا لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی پوتیندا، کە زۆرجار بە روسیای پوتینش ناودەبرێت وەك ئاماژەیەك بۆ ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی دەوڵـەتەکە، دەخوازێت وەك زلهێزێك مامەڵە لەگەڵ وڵاتاندا بکات و هاوکات وڵاتانیش وەك هێزێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، مۆسکۆ پێویستی بە بینینی ڕۆڵێکی دەرەکی چالاك هەیە تاکو بتوانێت پشتڕاستی ئەو وێنەیە بکاتەوە و لەهەمانکاتدا پارێزگاری لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی بکات. بۆ مۆسکۆ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەدیاریکراوی ئەو دەوڵەتەیە کە بەگرنگییەوە لێی دەڕوانێت و خواستی ئەوەی نیشانداوە کە لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا بدات. لەمڕووەوە، خستنەگەڕی ئامڕازە جۆراجۆرەکانی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ باشترین ڕێگاچارەسەر بوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەغدادیش ئامادەگی خۆی نیشانداوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆ. وەك دەزانین، مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵـەت دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو. واتە مۆسکۆ و بەغداد ئەزموونێکی دووردرێژیان لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی و ئابووریدا لەگەڵ یەکتریدا هەیە. ئەم مێژووە بۆ قۆناغی پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤێتیش هەر ڕاستە، بەڵام لەڕووی ئاستی چالاکبوونی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆوە لە عێراق، بەگوێرەی قۆناغەکە دەگۆڕێت.

بۆ هەمووان ئاشکرایە، مۆسکۆ دژایەتی جەنگی عێراقی کرد لە ساڵی ٢٠٠٣ چونکە یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی کە زیانی ئابووریی گەورەی لە دەرئەنجامی ئەو جەنگە بەرکەوت کە دواتر باسی دەکەین، بەڵام لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو تاکو سەرلەنوێ بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی بگەڕێنێتەوە. ئەم ئامانجە سیاسەتێکی دیپلۆماسی چالاکی پێویست بوو لەلایەن مۆسکۆوە، هەر ئەوەشی کرد. دوای جەنگ، مۆسکۆ باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدادی پایتەخت کردەوە، دواتر کونسوڵگەری لە شارەکانی هەولێر و بەسڕە کردەوە. واتە، لەڕووی دیپلۆماسییەوە مۆسکۆ لەگەڕانەوەی پەیوەندییەکانی بۆ دۆخی ئاسایی لەگەڵ بەرپرسانی نوێی عێراقیدا سەرکەوتووبوو. پاشان، لەڕووی بازرگانی وزەوە، بەهەمان شێوە، مۆسکۆ خواستێکی زۆری هەبوو بە گەڕانەوەی کۆمپانیا نەوتییەکانی بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و غازی سروشتی عێراقیدا بکەن. هەرچی لایەنی سەربازییشە، دیارە چەك و تەکنەلۆژیای سەربازیی ڕووسیی لەسەر ئاستی جیهانی ئاستێکی پێشکەوتووی هەیە. عێراقیش پێویستی بە چەکی ڕووسی هەبووە بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە هەڕەشەکانی سەر ئاسایش، بەغدادی ناچار بە کڕینی چەکی ڕووسیی و هاریکاریی سەربازیی ڕووسیی کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ چەند بوارێکی سیاسەتی دەرەکیی روسیا لە عێراق بکات لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە تا ساڵی ٢٠٢٠، ئەمەش بۆ بەرچاوڕونکردنی بەرپرسانی عێراقی و توێژەران بە ئاست و شێوازی گرنگیدانی روسیا بە عێراق، ئەویش لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو داتا و زانیارییانەی کە سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ لە عێراق نیشان دەدەن.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم کارە زانستییە لە خستنەڕووی کۆمەڵێك زانیارییە کە توێژەران لە سەرچاوەی جیاوازەوە، لە زمانی جیاوازەوە کۆیانکردوونەتەوە و پاشان بە زمانی کوردی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن. توێژینەوەیەکی کەم نووسراوە لەمەڕ سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر بە عێراق، بە تایبەتی ئەگەر توێژینەوەکە بە زمانی کوردیش بووبێت. لەبەرئەوە، ئەم کارە زانستییە بۆ ئەدەبیاتی کوردیی لە بواری زانستی ڕامیاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گرنگی و بایەخی زانستی خۆی دەبێت.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە دەپرسێت: عێراق لە سیاسەتی دەرەکیی روسیادا چی بایەخێکی هەیە؟ یاخود مۆسکۆ لە عێراق دەخوازێت چی بەدەستبهێنێت؟ کامانەن ئەو بوارانەی سیاسەتی دەرەکیی کە مۆسکۆ دەخوازێت گەرەنتی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق بکات؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە گریمانە دەکات کە روسیای پوتین بەدوای بەدەستهێنانی پێگەیەکی شکۆداری جیهانییەوەیە، عێراق یەکێکە لەو دەوڵـەتانەی کە مۆسکۆ دەیەوێت تێیدا -لەڕێگەی سیاسەتی دەرەکیی چالاکەوە-، ئەو خواستەی بەدیبهێنێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە پشت بە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك دەبەستێت. لەڕێگەی ئەم میتۆدەوە، توێژەران دەخوازن گریمانە تیۆرییەکانیان بسەلمێنن. هەروەك میتۆدی لێکۆڵینەوە لە حاڵەت "دراسة حالة" بەکارهێنراوە بەوپێیەی کە عێراق دەبێتە چەقی شیکاریی لە سیاسەتی دەرەکیی روسیادا.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە بۆ سێ ڕەگەزی سەرەکی دابەشکراوە. سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە - وەك لە ناونیشانەکەوە دیارە- سیاسەتی دەرەکیی روسیایە بەرانبەر عێراق، شوێنی توێژینەوەکەش بریتییە لە عێراق. کاتی توێژینەوەکەش ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) دەگرێتەوە، وێڕای ئاماژەیەکی خێرا بە پێشینەی مێژوویی، بەتایبەت ساڵەکانی بەرلەجەنگ و بەدیاریکرای (٢٠٠٠-٢٠٠٣).

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

بۆ خستنەڕوو، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵـەتێك، لەسەر توێژەر پێویستە بە زمانی ئەو دەوڵـەتە زانیاری ڕەسەن وەربگرێت، پاشان وەرگرتنی ووتە و لێدوانی کەسانی بەرپرس و تایبەتمەند بەو بوارەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت. سەبارەت بە پێویستی یەکەم، توێژینەوەکە ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم نەبووە، بەڵام ئاستەنگی گەورە بریتییە لەو ڕاستییەی کە بەرپرسانی ڕووس و تەنانەت لێکۆلەرەوە ڕووسەکان ئامادەنین ڕاستەوخۆ گفتوگۆ ئەنجام بدەن، تاکو وەك سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو لەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنرایە. توێژەران بۆ چارەسەری ئەم ئاستەنگە گەڕاونەتەوە بۆ هەڵوێستی فەرمی بەرپرسانی ڕووسی و عێراقی کە لە چەند شوێنێکی جیاواز لێدوانیان داوە و هەندێکیان وەڵام بوون بۆ پرسیارەکانی توێژەران و توێژینەوە سوودی لێ بینیوون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بۆ دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە. لە باسی یەکەمدا گرنگیدراوە بە هەڵوێست و سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر عێراق لە ساڵانی بەر لە دەستپێکی جەنگ. هەرچی باسی دووەمە لە دوو تەوەری سەرەکیدا خراوەتەڕوو: لە تەوەری یەکەمدا، بواری دیپلۆماسییەت وەك ئامرازێکی کاریگەری سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ ڕوونکراوەتەوە. لە تەوەری دووەمدا، ڕۆڵی بازرگانی و پیشەسازی شیکراوەتەوە. ئەم تەوەرەش بۆ دوو لق دابەشکراوە: لقی یەکەم، کاریگەری نەوت و غازی سروشتی لە سیاسەتی دەرەکیی روسیا نیشاندراوە، هەرچی لقی دووەمە تایبەتە بە بواری بازرگانی و پیشەسازی سەربازی و پێگەکەی لە سیاسەتی دەرەکیی روسیادا بەرانبەر عێراق. لە کۆتاییدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی لە سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر عێراق (٢٠٠٠-٢٠٠٣)

بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە روسیا پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێت. سەردەمی دەسەڵاتی "بۆریس یەڵتسن" لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ڤلادمیر پوتین. لە هەزارەی نوێوە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی بەڕێوەبردنی دەوڵـەتی روسیا دەستپێدەکات کە بە سەردەمی روسیای پوتین ناودەبرێت. دیارە لەم سەردەمەدا، لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دوو ڕووداوی گرنگ ڕەنگرێژی سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەکەن، دروستکەری هەردوو ڕووداوەکەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. یەکەمیان، جەنگ دژی ئەفغانستان و بزوتنەوەی تاڵیبان لە چوارچێوەی جەنگی دژ بە تیرۆریزمی جیهانیی لە ساڵی (٢٠٠١). دووەمیان، جەنگ دژی ڕژێمی پێشووی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٣). بێگومان لێرەدا توێژینەوەکە دەیەوێت جەخت بخاتە سەر جەنگی دژ بە عێراق و لەم چوارچێوەیەدا شیکاری سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ بەرانبەر عێراق بکات لەڕووی: ڕۆڵی روسیا لەمەڕ ئەگەرەکانی ڕێگریکردن لەم جەنگە، خستنەگەڕی ئامرازە دیپلۆماسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. هۆکار یان ئامانج لە دژایەتیکردنی جەنگەکە لەلایەن مۆسکۆوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە تیشکی بخەینە سەر، ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە بەرژەوەندیەکانی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆدا. لەلایەك، پارێزگاریکردنە لە بینینی ڕۆڵێکی کاریگەر لە جیهانێکی فرەجەمسەریدا لە چوارچێوەی خستنەگەڕی هەوڵە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و فەرەنسا، لەلایەکی دیکەوە، خۆبەدوورگرتن لە ململانێکردنی واشنتۆن لەم پرسەدا کە بۆ کۆشکی سپی بایەخێکی گەورەی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەکیی روسیا لەم قۆناغەدا بەرانبەر عێراق، دەتوانین وێنە گشتییەکەی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ بخەینەڕوو. لەم قۆناغەدا مۆسکۆ بەشوێن پەیڕەویکردن لە سیاسەتێکی دەرەکی بوو کە دەیویست تایبەتمەندی "پراگماتیزمی زلهێزی- Great Power Pragmatism" هەبێت لەسەر ئاستی جیهانی[1]. هەرچی دیوە تایبەتەکەی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆیە بەرانبەر عێراق، دەکرێت ئاماژە بە لێکۆڵینەوەیەکی توێژەر "گالیلە گۆلان - Galila Golan" بکەین بە ناونیشانی" روسیا و جەنگی سەر عێراق: ئایا سیاسەتی پوتین شکستخواردو بووە؟ - Russia and the Iraq War: was Putin's Policy Failure?"، کە توێژەر ئامانجەکان یاخود پاڵنەرەکانی سیاسەتی دەرەکیی روسیای پوتینی بەرانبەر عێراق نیشانداوە، بەم شێوەیەی خوارەوە[2]:

---

[1]. For more info:
- Russian Foreign Policy Concepts. (2000). Retrieved from: https://nuke.fas.org/guide/russia/doctrine/econcept.htm
- Liu, F. (2022). Russia's Foreign Policy Over the Past Three Decades: Change and Continuity. Chinese Journal of Slavic Studies, 2(1), 86-99. https://doi.org/10.1515/cjss-2022-0004

[2]. Golan, Galia. "Russia and the Iraq War: Was Putin's Policy a Failure?" Communist and Post-

أ. ڤلادمیر پوتینی سەرۆك لە هەوڵی پتەوکردنی پێگەی جەماوەری خۆیدا بوو بەتایبەت کە ساڵی ٢٠٠٤ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە روسیا لەبەردەمیدا بوو. دەیویست ڕای گشتی شەقامی ڕووسی و دەنگە نارازییەکان بەتایبەت لە ناو سوپا کپ بکات.

ب. نیگەرانییەکی دیکەی روسیای پوتین بە هۆی لێکەوتەکانی جەنگی سەر عێراقەوە، بریتی بوو لە مەترسی گروپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانی باشووری روسیا و ناوچەی قەوقاز. مۆسکۆ ترسی هەبوو کە لە عێراقی پاش جەنگ، گروپە توندڕەوەکان زیاتر ببنە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ڕووسیی.

ت. لەلایەکی دیکەوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی، بەشێکی زۆر لە چینی دەستەبژێری ڕووسیی، دامەزراوەی ئاسایشی نیشتمانی ڕووسیی هەروەها زۆرینەی هاوڵاتیانی ڕووس دژایەتیی جەنگی عێراقیان دەکرد. ڤلادمیر پوتینیش نەیدەویست هەڵوێستی هاوڵاتیان، دیپلۆمات و جەنەڕاڵەکانی پەراوێز بخات[١].

شایەنی سەرنجە، ئەوکاتی ڕوونبووەوە کە جەنگەکە هەر دەبێت ڕووبدات، مۆسکۆ خوازیاری ئەوە نەبوو دژایەتی واشنتۆن بکات لەکاتێکدا دەیتوانی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڤیتۆی پرۆژە بڕیاری ژمارە(١٤٤١)* ی ساڵی (٢٠٠٢) بکات؟ بەڵام ئەوکاتەی روسیا لە هەڵوێستی نەگۆڕی ئەمەریکا دڵنیابووەوە لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن، ڤلادمیر پوتین نوێنەری خۆی، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ڕووسی "ئەلێکساندەر ڤەلۆشین"ی ناردە ئەمەریکا، لەوێ نوێنەرەکە چاوی بە بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی ئەمەریکی کەوت. ئامانج لەم سەردانەش، زانینی پێگە و بەرژوەندییەکانی روسیا بوو لە عێراقی پاش سەدام حسێن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی خزمەتگوزاری کۆنگرێسی ئەمەریکای، روسیا بەڵێنی لە ئەمەریکییەکان وەرگرتبوو لەبەرانبەر ڤیتۆنەکردنی پرۆژە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دژ بە عێراق[٢]. کەواتە هۆکاری پشتیوانینەکردنی جەنگی سەر عێراق لەلایەن روسیاوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، لەوانە:

١. لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی عێراق هیچ هەڕەشەیەکی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ڕووسی نەبوو. بگرە ڕژێمەکەی سەدام حسێن پەیوەندییەکی دیپلۆماسی تارادەیەك بەهێزی هەبوو لەگەڵ مۆسکۆ بەراورد بە وڵاتانی دیکە. ساڵی (٢٠٠٠)، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی روسیا"ئیگەر ئیڤانۆڤ"، سەردانی بەغدادی کرد و لەوێ ڕایگەیاند کە" نامەیەکی ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی بۆ سەدام حسێنی سەرۆکی ئەوکاتی عێراقی هەڵگرتوە کە وڵاتەکەی خوازیارە گفتوگۆ سیاسییەکانی لەگەڵ بەغداد بەرەوپێش ببات، هاوکات پشتیوانی کەمکردنەوەی فشار و گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی سەر عێراق دەکات[٣].

---

Communist Studies 37, no. 4 (2004): 429–59. https://www.jstor.org/stable/48609509.

[1]. CRS Report for Congress. (2003). Russia and the War in Iraq. Retrieved from: https://www.everycrsreport.com/reports/RS21462.html

[2]. CRS Report for Congress. (2003). The same source.

[3]. CNN. (2000). Russia's Ivanov arrives in Iraq on a Mideast tour. Retrieved from: 13.4.2023 in:

٢. لەڕووی ئابوورییەوە، روسیا خاوەن بەرژەوەندیی گەورە بوو لە عێراق. هەروەك توێژەری كاروباری سیاسەتی دەرەكیی ڕووسی "عاطف معتمد عبدالحمید" دەڵێت:"جەنگی سەر عێراق زیانی بە ١٠ كۆمپانیای وەك" تاتنەفت، سیبرنفت، لوك ئۆیڵ و زاروبیژنفت"ی ڕووسی گەیاند. بەشێوەیەك دوو كۆمپانیاكەی كۆتایی لە چەند كێڵگەیەكی نەوتی باشووری عێراق كە خاوەنی نزیكەی ١٤ ملیار بەرمیل نەوت بوون بە بەهای ٦ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان بۆ دەرچوو بوو[١]. بێگومان، دوای ڕووخاندنی ڕژێم ئەم بەرژەوەندییانەی مۆسكۆ لەدەستچوون. جگە لەوەی كە پێش دەستپێكی جەنگەكە، كۆمپانیا بیانییەكانی ئەو وڵاتانەی كە لە عێراق وەبەرهێنانیان هەبوو، هەروەها وڵاتەكانیان پشتیوانییان لەجەنگەكە نەكرد، لەلایەن واشتۆنەوە خرانە لیستی ڕەشەوە.

٣. ساڵی ٢٠٠٠، داهاتی هەناردەی فرۆشی نەوتی ڕووسی نزیكەی ٢٥ ملیار دۆلار بوو لەكاتێكدا بوودجەی ئەو ساڵەی مۆسكۆ ٤٨ ملیاردۆلار بوو، بەرپرسانی ڕووس ترسیان لەوە هەبوو كە عێراقی دوای سەدام حسێن وەك دەوڵەتێكی خاوەن یەدەگی گەورەی نەوت، ببێتە هۆكاری دابەزینی نرخی نەوت كە بەهاكەی گەیشتبووە نزیكەی ٤٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، لەكاتێكدا ئەم نرخە جیهانییەی نەوت پاڵپشتی لە بەهێزبوونی دۆخی ئابووری روسیا دەكرد[٢].

٤. تێگەیشتنی زۆرێك لە سەركردەكانی سووپای روسیا بەوشێوەیە بوو كە سەركەوتنی سیاسی و سەربازی واشنتۆنیش لە بەغداد واتا سەپاندنی هەژموونی زیاتری واشنتۆن وەك تاكە زلهێزێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەیەنێت. كە دواتر ئەم مەترسییە دەوڵەتە دۆستەكانی دیكەی روسیا لە نموونەی ئێران و سووریا بگرێتەوە . ئەم ناوچەیەش لە جیۆسراتیژی روسیادا پێگەیەكی هەستیار و گرنگی هەیە. وەك چۆن توێژەر"ستڤان بلانك Stephan Blank" دەڵێت: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ناوچەیەیە كە روسیا دەتوانێت ئامانجەكانی سیاسەتی دەرەكیی خۆی بەدەستبهێنێت[٣].

دواجار، دەكرێت بڵێین كە مۆسكۆ لە جەنگی سەر عێراقدا بەشێوەیەكی پراگماتیكی مامەڵەی كرد بەشێوەیەك كە باشترین خزمەت بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەكانی خۆی بكات. مۆسكۆ لە ڕووی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئاسایشەوە داوای گەرەنتی پاراستنی بەرژوەندییەكانی دەكرد لە بەرانبەر گۆڕینی ڕژێمی سەدامی عێراقی. لەلایەك دژایەتی جەنگەكەی دەكرد، لەلایەكی دیكەوە،

---

http://edition.cnn.com/2000/WORLD/meast/11/13/iraq.russia.reut/index.html.

★. بڕیاری ژمارە (١٤٤١) كە لە ساڵی ٢٠٠٢وەرگیرا، ئەوپەڕی دەسەڵاتی بەخشییە نەتەوە یەكگرتووەكان و تیمە پشكنەرەكانی، لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق گەڕان و پشكنین بۆ دامەزراوەیەكی عێراقی تایبەت بە گەشەپێدانی پرۆگرامی چەكی كۆكوژ بكەن، هەروەها بانگكردن و لێپرسینەوەی هەر بەرپرسێكی عێراق لە ناوەوە یاخود دەرەوەی عێراق. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: https://2u.pw/8wCz75. بەرواری سەردان: ٢٠٢٣/٥/٥.

[١]. عبدالحمید، عاطف معتمد،(٢٠٠٤). الموقف الروسي من احتلال العراق.. عام من التغيير.تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/١٥ على الرابط: https://2u.pw/tXvsD8.

[2]. CRS Report for Congress. (2003). Russia and the War in Iraq. (2003). The same source.

[3]. Blank, Stephen. (2017). Russia in The Middle East. The Foundations of Russian Policy in the Middle East.P.1. Retrieved from: https://jamestown.org/wp-content/uploads/2017/10/WS1-Blank-FINAL.pdf

ئەو ئامڕازە دیپلۆماسییەی کە بەدەستییەوەبوو لە ئەنجومەنی ئاسایش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار بەکاری نەهێنا:

١. مۆسکۆ نەیدەتوانی ڕێگە لە هەڵگیرساندنی جەنگەکە بگرێت، چونکە لە دۆخێکی ناوخۆیی قورسدا بوو کە ڕێگەی نەدەدا دەوڵەتەکە لەمپەڕ لەبەردەم سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەرانبەر عێراق دروست بکات.

٢. مۆسکۆ لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە واشنتۆن بڕیاری گۆڕینی ڕژێمی عێراقی داوە، تەنانەت لە دەرەوەی ڕێگەپێدانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە بێت.

٣. مۆسکۆ بەڵێنی لە ئەمەریکییەکان وەرگرتووە بەوەی کە لە عێراقی پاش سەدامدا، ڕێگەی پێدەدرێت بەشداری لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بکات.

٤. پێدەچێت ڕووسەکان وردتر لە لێکەوتەکانی جەنگەکەیان کۆڵیبێتەوە لەڕووی ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی لەسەر ئاسایشی هەرێمایەتی و جیهانی دروستی دەکات کە دواجار وێنەیەکی نەرێنی واشنتۆن لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نیشان دەدات.

٥. لەسەروبەندی ئەو جەنگەی دژ بە عێراق، واشنتۆن بە قوڵی لە قەیرانی جەنگی ئەفغانستان تێوەگلابوو، پێدەچێت مۆسکۆ ئەو هەستەی لادروست بووبێت کە ئەم دوو جەنگە بارگرانییەکی گەورەی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەسەر واشنتۆن دروست دەکەن و دواجار ئەم دۆخە لە بەرژەوەندی مۆسکۆ دەشکێتەوە بەوەی کە بتوانێت وەك هێزکی جیهانی گەورە ڕۆڵ ببینێت.

## باسی دووەم: کاریگەری سیاسەتی دەرەکیی روسیا لە عێراق لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٢٠)

### تەوەری یەکەم: سەرلەنوێ بونیادنانەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان

ئەوەی پەیوەندی بە روسیاوە هەبێت، سەردەمێك لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسی دەبینین کە دەخوازێت ڕۆڵی زلهێزێك یاخود جەمسەرێك لە جەمسەرەکانی هێز ببینێت. مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسی مۆسکۆ لەگەڵ عێراقی نوێ هاوشێوەی سەردەمی ڕژێمی پێشووتر نییە، چونکە نە بۆریس یەڵتسن حوکمڕانی روسیایەکی لاواز دەکات، نە عێراقی داخراوی گەمارۆدراو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بوونی هەیە. مۆسکۆ بەشێوەیەکی چڕتر و نزیکتر لەڕووی سیاسی، سەربازی و بازرگانییەوە دێتە ناو عێراقەوە. هاوکات بەتەنها مامەڵە لەگەڵ حکومەتێکی مەرکەزیی لە بەغداد ناکات، بەڵکو لەپاڵ ناوەند، پاڵپشت بە یاسا و دەستووری عێراقی، مۆسکۆ مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکات، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تەنها بریتییە لە پێگەی عێراق لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسییدا.

لە راستیدا، بۆ ئەوەی لە ئامانج و ئامڕازەکانی سیاسەتی دەرەکیی روسیا لە عێراق بەگشتی تێبگەین، دەگەڕێینەوە بۆ دواهەمین وتاری وەزیری دەرەوەی روسیا "سێرگێی لاڤرۆڤ"، کە لە گۆڤاری "روسیا لە سیاسەتی جیهانیدا Россия В Глобальной Политике" بە ناونیشانی "دیپلۆماسیەت و فرەجەمسەرییەکی ڕاستەقینە بەرانبەر سیستەمێکی جیهانیی پشتبەستوو لەسەر پرەنسیپەکان Подлинная многосторонность и дипломатия против «порядка, основанного на правилах" بڵاویکردووەتەوە. ناوبراو بە ڕوونی ئاماژە بە چەند پرسێك دەکات کە بەدرێژایی دوو دەیەی ڕابردوو، لە سەردەمی روسیای پوتین لە سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوانیش: پێویستی ڕێزگرتن لە ئاسایش و سەروەریی دەوڵـەتان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەگەڵ پشتیوانیکردن لە پایەکانی سیستەمێکی جیهانی فرەجەمسەر، پێگەی روسیا و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی مۆسکۆ لەو چوارچێوەیەدا[1].

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن، بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی عێراقەوە، بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە هەڵوێستی مۆسکۆ گۆڕانکاریان بەخۆوە بینی. بۆچوونەکان گۆڕان. دوای ساڵێك لە جەنگەکە، کۆشکی کرێملین متمانە بەخۆبوونی زیاتری پەیداکرد لە بەرانبەر هەڵوێستەکانی لەبارەی جەنگەکەوە، چونکە[2]:

١. ئەو هاوپەیمانێتییەی کە مۆسکۆ لەگەڵ پاریس و بەرلیندا پێکیهێنا بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر واشنتۆن، لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقع هیچی بەدەستنەهێنا، بەڵام فشارێك بوو بۆ سەر واشنتۆن و لەندەن، هەروەك وێنەیەکی ئەرێنی روسیای لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

---

[1]. Лавров, Сергей. (2023). Подлинная многосторонность и дипломатия против «порядка, основанного на правилах. Доступен на: https://globalaffairs.ru/articles/podlinnaya-mnogostoronnost/

[2]. عبدالحمید، عاطف معتمد. المصدر السابق.

نیشاندا.

٢. ڕێکەوتنی مۆسکۆ و پاریس نەك بەتەنها بووە هۆکاری دوورخستنەوەی دەستی ناتۆ لە عێراق، بەڵکو سەرکەوتووش بوو لە فشارەکان بۆ وەستاندنی بڵاوەپێکردنی زیاتری بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا.

٣. ئەگەرچی روسیا نیگەران و شپرزە دیاربوو لەبارەی دەستپێکی جەنگەکەوە، بەڵام دواتر جۆرێك لە هێوەربوونەوەی پێوەدیار بوو، کە دەبینێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە قەیرانی ناوخۆیی دوای جەنگەکەوە تێوەگلاوە، ئەم دۆخەش پێویستی بە دەیەیەك، یاخود دوو دەیە دەبێت تاکو دۆخی عێراقی گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت. لەم سەردەمەدا روسیا دوور لە چاودێری ئەمەریکا دەتوانێت نێو ماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە.

لەپێناو شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر عێراق، توێژینەوەکە لە دوو تەوەرەی سەرەکیدا و لەڕێگەی خستنەڕووی ئەو ئامراز، ئامانج و ئاڕاستانەی سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆ هەیەتی، لە کۆمەڵێك بواری وەك سیاسی و دیپلۆماسی، بازرگانی نەوت و غازی سروشتی و سەربازی لەو ماوە زەمەنییەی دیارییمان کردووە، شرۆڤەی سیاسەتی دەرەکیی روسیا لە عێراق دەکات:

**تەوەری دووەم: بواری سیاسی و دیپلۆماسی لە سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر عێراق**

داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕانکاری گەورەی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان دروست کرد. یەکێك لەو دەوڵەتانەی کە کاریگەر بوو بە چیرۆکی ڕوخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حسێن، روسیا بوو. لە دوای جەنگەکە، بەهەموو شێوەیەك داوای ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوخۆیی عێراقی دەکرد بەڵام لەژێر چەتری نەتەوە یەکگرتووەکاندا. داوای دەکرد کە بەزوویی کۆتایی بە پرۆسەی داگیرکاری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بهێنرێت و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بدرێتەوە دەست عێراقییەکان. ئەوکاتەشی کە بە پشتیوانی هاوپەیمانان ئەنجومەنی حکوم لە سەرکردە عێراقییە باڵاکان پێکهێنرا، مۆسکۆ پێشوازی لەم هەوڵەکرد و بە هەنگاوێکی ئەرێنی ناویهێنا. لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی "نۆڤۆستی "Новостиی ڕووسی، سەبارەت بە ئەگەری سەردانی شاندێکی پێکهاتوو لە سەرکردە باڵاکانی عێراقی نوێ، جێگری ئەوکاتی وەزیری دەرەوەی روسیا "یوری فیدۆتۆڤ Юрий Федотов"، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دەیەوێت گەشە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و بەرپرسانی کاتی ئیدارەدانی دەوڵەت لە عێراق[١]. لێرەدا، لەپێناو نیشاندانی خواستی ڕاستەقینەی مۆسکۆ بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ بەغداد و بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی، ئاماژە بەدوو ڕووداوی گرنگ دەدەین کە بەهای دیپلۆماسییەت لە سیاسەتی دەرەکیی روسیا بەرانبەر عێراقی نوێ دەخاتەڕوو:

[1]. для получения дополнительной информации см.:
https://www.mid.ru/ru/foreign_policy/news/1665469/. Посетил в: 13.5.2023.

یەکەم، دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو، شاندێکی باڵای عێراقی لە ئەنجومەنی حوکم بەسەرۆکایەتی عەبدوالعەزیز حەکیم سەردانی مۆسکۆیان کرد. شاندەکە کە یەکەم سەردانی کۆمەڵێك سەرکردەی عێراقی دوای سەدام بوون سەردانی مۆسکۆ بکەن، لەوێ چاویان بە بەرپرسانی باڵای ڕووسی لەناویاندا ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی روسیا کەوت. ئامانجی ئەم سەردانە کۆمەڵێك بابەت بوون، لەوانە[1]:

- سەرلەنوێ بونیادنانەوە و بەهێزکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت.
- پرسی قەرزەکانی روسیا لەسەر عێراق کە مێژووەکەی بۆ سەردەمانی یەکێتی سۆڤێت و بەدیاریکراوی سەردەمی جەنگی عێراق- ئێران دەگەڕایەوە.
- ئامانجێکی دیکەی سەردانی شاندە عێراقییەکە دانیشتنبوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیای لوك ئۆیڵی ڕووسی. لایەنی ڕووسی پێداگیری دەکرد لەسەر چالاککردنەوەی ئەو ڕێکەوتننامە نەوتییانەی لە سەردەمی ڕژێمی پێشووتر لەنێوانی مۆسکۆ و بەغداد ئیمزاکرابوون.

دووەم، لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٣، لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا کۆنگرەی هاریکاری و بونیادنانەوەی عێراق بەسترا، یەکێك لەو وڵاتانەی بەشدارییەکی چالاکی هەبوو، روسیا بوو. لەو دیدارەدا، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی روسیا "یوری فیدۆتۆڤ Юрий Федотов" هەڵوێست و سیاسەتی ئایندەیی وڵاتەکەی لەپێناو سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی ئابووری عێراق بە چوار خاڵ خستەڕوو[2]:

١. دابینکردنی ئاسایش؛ بەبێ ئاسایشێکی تۆکمە ناکرێت هاریکاری بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق بکرێت.
٢. پێویستە ئەو ڕێسا و ڕێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بەرانبەر کاری کۆمپانیا بیانییەکان لە عێراق، شەفاف و یەکسان بێت بۆ هەموو لایەك. واتا جیاکاری نەکرێت لە نێوانی کۆمپانیاکاندا، زەمینەسازی بکرێت بۆ کێبڕکێیەکی دادپەروەرانە لەنێوانی ئەو کۆمپانیایانەدا کە دێنە بازاری عێراقەوە بە مەبەستی وەبەرهێنان.
٣. پێویستە ئەم پرۆسەیە لەلایەن بۆردێکی ڕاوێژکارییەوە بەردەوام لەژێرچاودێریدا بێت لەپێناو پارێزگاریکردن لە شەفافیەتی پرۆسەکە. لەم پێناوەدا پشتیوانیکردنی سندوقی پەرەپێدانی عێراقی لەژێرچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانی گەرەنتی سەرکەوتنی پرۆسەکە دەدەن.
٤. زۆر گرنگە کار لەسەر بەردەوامی پرۆسەکە بکرێت. هاریکاریکردنی عێراق پێویست نییە لە

[1]. شورش، سامي. (٢٠٠٣). ا لملف الاول: رئيس مجلس الحكم العراقي يبحث في موسكو في ديون روسيا على بلاده، القوات الأميركية تواصل عمليات الدهم بحثاً عن منفذي الهجمات المسلحة. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/٢٧ على الرابط: https://www.iraqhurr.org/a/1637720.html

[2]. для получения дополнительной информации:

https://www.mid.ru/ru/foreign_policy/news/1657107/. Посетил В:27.4.2023.

خاڵی سفرەوە دەست پێبکات بەوپێیەی کە پێشتر لەچوارچێوەی پرۆگرامی "نەوت بەرانبەر بە خۆراك"، پشتیوانی لە دۆخی ئابووری و سیاسی عێراق کراوە.

سێیەم، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٣، سەرۆکی روسیا لەمیانەی دیداری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا کۆلین پاول، ڕایگەیاند کە "وڵاتەکەی پشتیوانی لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ دەکات. سەرەڕای هەموو تێبینییەکانی لەسەر جەنگەکە، بەڵام خوازیارە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی لەگەڵ واشنتۆن بەرەوپێش ببات[1]. هەر لەو دیدارەدا، پاوڵ بەڵێنی بە پوتیندا کە قەرزە دەرەکییەکانی مۆسکۆ لەسەرعێراق نافەوتێت[2].

بەگوێرەی بەیاننامە فەرمییەکانی هەردوو دەوڵەتی ئەمەریکا و روسیا بێت لەبارەی عێراقەوە، تارادەیەکی زۆر ئەو بۆچوونە پشتراست دەبێتەوە، بەوەی کە روسیا سەرەڕای هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕێگریکردن لە جەنگی عێراق، بەڵام دواجار بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا خستە سەروو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕژێمی دەسەڵاتدارێتی پێشووی عێراقی. هەر لەو دیدارەی پوتین لەگەڵ پاوڵدا، ناوبراو ئاماژەیدا بەوەی کە بەخێرهاتنی لە شاندێکی ئەنجومەنی حوکمی عێراقی کردووە بە مەبەستی برەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایەنی ڕووسی و عێراقی. لەو دیدارەدا، ئەوەی خستوەتەڕوو کە وڵاتەکەی بەڕێژەی (٦٥٪) لە قەرزەکانی سەر عێراق خۆش دەبێت، بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە لایەنی عێراقی ئاسانکاری بکات بۆ کۆمپانیا ڕووسییەکان تاکو بێن لە عێراق وەبەرهێنان بکەن[3]. دواتر بەگوێرەی ڕێکەوتنی هەردوو دەوڵـەت، روسیا بڕیاریدا بە چەند قۆناغێکی بە ڕێژەی (٩٣٪) ی کۆی قەرزەکانی سەر عێراقی خۆش بێت[4].

دوای نوسینەوەی دەستووری عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٥) و ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٧)، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراقی "هۆشیار زێباری" سەردانی مۆسکۆی کرد و لەگەڵ وەزیری دەرەوەی روسیا "سێرگێی لاڤرۆڤ" کۆبووەوە. لەو دیدارەدا هەردوو لایەن جەختیان لە هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی کرد. لایەنی ڕووسی هەموو پشتیوانییەکی بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و باشترکردنی دۆخی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی عێراقی دەربڕی. هاوکات وەزیرەکەی عێراق داوای پشتیوانی

[1]. Introductory Remarks at the Meeting with US Secretary of State Colin Powell. (2003). Retrieved from: 29.4.2023in: http://en.kremlin.ru/events/president/transcripts/21997

[2]. Walsh, Nick. (2003). Powell strikes deal with Russia on debt. Retrieved from: 29.4.2023 in: https://www.theguardian.com/world/2003/may/16/iraq.russia.

[3]. سامی عماره. سامي. (٢٠٠٣). السلطات الروسية تعلن استعدادها لالغاء ثلثي ديونها على العراق. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/٣٠ على الرابط:
https://archive.aawsat.com/details.asp?article=209140&issueno=9156#.ZExYIXZBy3A

[4]. شحيل، احمد حسين، السياسة الخارجية الروسية تجاه العراق بعد عام ٢٠٠٣، (٢٠٠٨). المجلة السياسية والدولية، المجلد ٢٠٠٨، العدد ١٠ , ص. ١٣٧-١٦٦:

زیاتری لە وڵاتە زلهێزەکان -لەناویاندا روسیا- کرد، تاکو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەماهەنگبن، بۆ ئەم مەبەستەشی وەزیرەکەی عێراق نامەیەکی "جەلال تاڵەبانی" سەرۆکی ئەوکاتی عێراقی گەیاندە دەستی ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی روسیا[١]. لەو دیدارەی نێوان هەردوو وەزیرانی دەرەوەی روسیا و عێراق یاداشتێکیان لەبارەی هاریکاری ئابووری - بازرگانی و تەکنەلۆجی و زانیاری ئیمزاکرد[٢].

ئەم دیدار و سەردانانەی بەرپرسانی عێراقی لە کاتێکدا بوو کە سوپای بەریتانی وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمەریکا لە عێراق، بڕیاری کشانەوەی هێزەکەی لە خاکی عێراقدا دابوو. جێهێشتنی خاکی عێراقیش لەلایەن سوپای ئەمەریکییەوە، لە ساڵی (٢٠١١) سەرکردە عێراقییەکانی ناچارکرد کە بەدوای پشتیوانی وڵاتانی دیکەدا بگەڕێن لەپێناو بەهێزکردنی بارودۆخی ئاسایشی ناوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و پەلاماری گروپە تیرۆریستییەکان. لەلایەکی دیکەوە، ساڵی (2015)، سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقی "حەیدەر عەبادی" بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە مۆسکۆی پایتەختی روسیا. سەردانەکەی سەرۆك وەزیران لەکاتێکدا بوو، کە عێراق کەوتبووە نێو گێژاوی دۆخێکی ئەمنیی نەخوازراوەوە، لە ڕاپۆرتێکی شیکاری ئاژانسی ڕووسی "ڤزگلیاد Взгляд" لەبارەی ئەم سەردانەی عەبادییەوە ئاماژەی بە کۆمەڵێك ئامانج کردووە کە لایەنی عێراقی خوازیارە لەگەڵ مۆسکۆ بەدەستی بهێنێت[٣]:

١. بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت.

٢. حەیدەر عەبادی بەدوای بەدەستهێنانی پشتیوانی مۆسکۆوەیە لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراقی.

٣. عەبادی لەڕێگەی مۆسکۆوە خوازیار بوو پشتیوانی زیاتری تاران بەدەستبێهێنێت چونکە وا خوێندنەوەی بۆ دەکرا کە عەبادی زۆرتر پشتیوانی واشنتۆنی هەیە بەراورد بە سەرکردە شیعەکانی دیکەی وەك نوری مالیکی.

٤. عێراق لە جەنگی دژی تیرۆری داعش تێوەگلابوو، پێویستی بە هاوکاری سیاسی و سەربازی وڵاتانی زلهێزی هاوشێوەی روسیا هەبوو. هەروەك ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ کردووە لە ڕۆژەکانی سەرەتای هێرش و پەلامارەکانی داعش، حکومەتی عێراقی بێهیوا ببوو لە بەدەستهێنانی پشتیوانییەکانی واشنتۆن.

دوابەدوای ئەم سەردانەی عەبادی بۆ مۆسکۆ و بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەشداری سەربازی ڕووسی لە عێراق، سێرگێی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی روسیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وەڵامی ئەم دەنگۆیانەی بە دوو خاڵ دایەوە، ڕایگەیاند کە "وڵاتەکەی خوازیارە پەیوەندی سیاسی و

١. لمعرفة اكثر، ينظر: وكالة الانباء الكويتية"كونا".(٢٠٠٧). زيباري: حجم الديون العراقية المستحقة لروسيا ١٣ مليار دولار. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٥/١ على الرابط:
https://www.kuna.net.kw/ArticleDetails.aspx?language=ar&id=1843161#

2. Прелов Владимир Вячеславович. Там же.

3. Асатрян, Георгий & Нерозникова, Екатерина. (2015). Разочарование в Вашингтоне привело иракцев в Москву. Доступен на: https://vz.ru/politics/2015/5/21/746637.html

دیپلۆماسی بەتینی لەگەڵ عێراق هەبێت، بەڵام مۆسکۆ بەشداری لە هاوپەیمانێتییەکی سەربازی نێودەوڵەتی ناکات بەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها بەبێ بانگهێشتی فەرمی لایەنی عێراقی، روسیا بە هیچ شێوەیەك دەستوەردانی سەربازی ناکات تەنانەت ئەگەر لەڕێگەی هێرشی ئاسمانییەوە بێت بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی چەکدارانی داعش[1]. لەڕاستیدا سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی لەم کاتەدا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کرا، بەتایبەت پێکهاتەی سوونەکانی عێراق، پێیان وابوو کە شیعەکان کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانییان لە عێراق کردووە. بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە حکومەتەکەی عەبادی بانگێشتی ڕووسەکانی کردوە تاکو بەشداری سیاسی و سەربازی چالاکانەیان لە عێراق هەبێت. ئەم هەنگاوەش واتای بەهێزتربوونی پێگەی ئێرانی لە عێراق دەگەیاند.

شایەنی ئاماژەپێدانە، ساڵی (٢٠١٧)، لە سەروبەندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، نوری مالیکی کە ئەوکات جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوو، بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە مۆسکۆ. لەو سەردانەیدا، مالیکی چاوی بە ڤلادمیر پوتینی سەرۆکی روسیا کەوت. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی "پەیمانگای زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی – Институт Востоковедения Российкой Академии Наук"، ئامانجێکی سەرەکیی ئەو سەردانەی مالیکی بۆ مۆسکۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی کۆشکی کرێملین بوو بۆ عێراق. مالیکی داوای لە پوتین کردووە کە وڵاتەکەی پشتیوانی لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بکات و روسیا تەنها وەك چاودێرێك تەماشای دۆخەکە نەکات، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت لەمەڕ کێشە ناوخۆییەکانی عێراق، لەسەروو هەموشیانەوە پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا لە سێپتێمبەری ساڵی (٢٠١٧) کە سەرکردایەتی کوردستان دەیەوێت لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێندراوەکان ئەنجامی بدات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگا ڕووسیەکە بێت، بەرپرسانی کۆشکی کرێملین خوازیاربوون ئەم کێشەیەی نێوان بەغداد و هەولێر لەڕێگەی دانوستان و دیالۆگە چارەسەر بکرێت، چونکە هیچ بەدیلێکی دیکە نابێتە ڕێگەچارەی کێشەکان[2].

لەلایەکی دیکەوە، دوابەدوای ڕووداوە ناوخۆییەکانی عێراق و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، ساڵی (٢٠١٩)، سێرگی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی روسیا بە سەردانێك گەیشتە عێراق. ئامانج لەو سەردانەی لاڤرۆڤ بۆ عێراق لە زاری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا "ماریا زاخارۆڤا Мария Захарова"، پشتیوانیکردنی عێراق بوو لەڕووی[3]:

---

[1]. Усов, Илья. (2015). Лавров рассказал, почему «вежливые люди» пока не будут бомбить Ирак. Доступен на: https://www.vedomosti.ru/politics/articles/2015/10/01/611147-lavrov-rasskazal-pochemu

[2]. Миняжетдинов Ильдар Харрясович. (2017). Нури аль-Малики предложил России усилить свое влияние в Ираке. Доступен на: https://www.ivran.ru/articles?artid=10675. посетил в 4.5.2023

[3]. Лавров прибыл с визитом в Ирак.(2019). Доступен на:

١. سەقامگیری سیاسی، ئابووری و ئەمنی ناوخۆیی، هاوکات پشتیوانیکردنی لایەنی عێراقی لە بەگژداچوونەوەی چەکدارە توندڕەوەکان.

٢. بەهێزترکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

٣. کارکردن بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵات بەتایبەت لە پشتیوانیکردن لە وەبەرهێنانی کۆمپانیا ڕووسییەکانی کەرتی نەوت و غازی سروشتی کە لە عێراق کاردەکەن.

دواجار، توێژەران گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە لایەنی سیاسی و دیپلۆماسی لە سیاسەتی دەرەکیی مۆسکۆدا بەرانبەر عێراقی دوای سەدام حسێن پەیوەستە بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە، بۆ نموونە:

١. بە داگیرکردنی عێراق فشارە دەرەکییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی بۆ سەر روسیا فراوانتر بوون. بەڵام مۆسکۆ زیرەکانە خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکان کرد، لەلایەك درێژەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆندا،لەلایەکی دیکەوە، روسیا چی دیکە نەی دەویست وەك شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دەربکەوێت، بەڵکو مۆسکۆ بە ئاشکرا خواستی سیستەمێکی فرە ناوەندی هێزی جیهانی هەبوو کە یەکێك بێت لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ناوی. لوتکەی ئەم هەڵوێستەی مۆسکۆش، بەشداری ڤلادمیر پوتین بوو لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ لە ساڵی (٢٠٠٧). لەو کۆنفرانسەدا، پوتین بە ئاشکرا ڕەخنەی لە سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرت، ڕەخنەی لە جەنگی سەر عێراق و دەرئەنجامەکانی ئەو جەنگە گرت کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی کارەساتی مرۆیی و شلەژانی ئاسایشی ناوچەکە و جیهان. هەروەك سیستەمێکی جیهانی کە تیایدا ئەمەریکا تاکە زلهێزی باڵادەست و خاوەن سەروەرییەکی جیهانی بێت، ڕەتکردەوە[١].

٢. لە دوای جەنگی داگیرکاری سەر عێراقەوە. مۆسکۆ سەرکەوتوو بوو لەوەی کە جارێکی دیکە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی نوێی عێراقی دروست بکاتەوە. ساڵی (٢٠٠٤) "ئیلیا مۆرگۆنۆڤ Иля Моргунов" وەك بەرپرسی کاروباری دیپلۆماسی ڕووسی لە عێراق بۆ ماوەی یەك ساڵ دەست بەکار بوو. پاشان لە ساڵی (٢٠٠٥) بەدواوە روسیا بە فەرمی باڵیۆزخانەی لە بەغدادی پایتەختی عێراق کردووەتەوە[٢]. ساڵی (٢٠٠٧)، لە شارەکانی بەسرە و هەولێر، کونسوڵگەری ڕووسی کرانەوە. بە هەمان شێوە، دەوڵەتی عێراقیش باڵیۆزخانە و کۆنسوڵگەری لە روسیا کردوەتەوە.

٣. هەردوو لایەنی ڕووسی عێراقی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەردەوامی بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان بدەن. لەمیانەی سەردانەکانی بەرپرسانی هەردوو دەوڵەت لە کۆنگرە

---

https://ria.ru/20191007/1559499626.html. Посетил в: 4.5.2023

[1]. Fried, Daniel& Volker, Kurt. (2022). Opinion | The Speech In Which Putin Told Us Who He Was. (2022). Retrieved from: 5.5.2023 in: https://www.politico.com/news/magazine/2022/02/18/putin-speech-wake-up-call-post-cold-war-order-liberal-2007-00009918

[2]. Внешпол, (2023). Подробнее на: https://vneshpol.ru/diplomat/chamov-vladimir-vasilevich. Посетил в: 5.5.2023.

ڕۆژنامەوانییەکاندا، لە چاوپێکەوتن و دیدارەکاندا جەخت لەسەر بەهێزی پەیوەندییەکانیان دەکەنەوە بە تایبەت پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. گەورە بەرپرسانی ڕووس چەندجارێك سەردانی عێراقیان کردووە و کاربەدەستانی باڵای عێراقیان بینیوە. هاوکات بەرپرسانی باڵای عێراقیش چەندجارێك سەردانی مۆسکۆیان کردووە. مۆسکۆ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراقدا، هەولیداوە وەك هێزێکی جەمسەری، سەربەخۆ و دوور لە کاریگەری هیچ هێزێکی دیکە، گەشە بە پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی خۆی بدات. سێرگێی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لەمیانەی بەشداری لە " کۆمەڵەی ئەنجومەنی سیاسەتی بەرگری و دەرەکی ассамбля Совета По Внешней И Обороной Политике"، بەئاشکرا پرسی سەربەخۆبوونی سیاسەتی دەرەکیی ڕوسیای خستەڕوو. ناوبراو ڕایگەیاند کە "پێویست ناکات ڕوسیا وەك شوێنکەوتەیەك بڕواتە ناو هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەکی سیاسییەوە، بەڵکو وڵاتەکەی دەبێت لە سیاسەت و هەڵوێستەکانیدا، لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیدا لەگەڵ وڵاتانی دیکە سەربەخۆ بێت[١].

٤. جەنگی ئەمەریکا دژی عێراق لەڕووی ئابووری، مرۆیی و سەربازی هەروەها ناوبانگی ئەمەریکای ڕووبەرووی تەنگەژە کردەوە. بەڵام بۆ ڕوسیا دەرئەنجامێکی پێچەوانەی هەبووە. لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) نزیکەی (٤٥٨٦) سەربازی ئەمەریکی کوژراون[٢]، هەروەها زیاتر لە (٢٠٨) هەزار هاوڵاتی عێراقی گیانیان لەدەستداوە[٣]. بەگوێرەی ڕاپۆرتی خزمەتگوزاری توێژینەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی لە ساڵی (٢٠١٤)، تەنها بۆ جەنگی عێراق لەو بودجەیەی کە کۆنگرێسی ئەمەریکی پەسەندی کردبوو، لەکۆی(١,٦) تریلیۆن دۆلار، بڕی (٨١٥) ملیار دۆلاری بۆ عێراق تەرخانکراوە[٤]. لەبەرانبەردا، ڕوسیا زیرەکانە هاتە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقەوە بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەمەریکا هەبێت. سیاسەتی دیپلۆماسی ڕووسی لە عێراق سەرکەوتووانە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە. دەتوانین بڵێین دیپلۆماسیەت، وەك بوارێك یاخود وەك ئامرازێك، ڕۆڵێکی کاریگەری لە بوارەکانی دیکەی وەك نەوت و غازی سروشتی یاخود پیشەسازی سەربازی لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسیدا بەرانبەر عێراق هەبووە.

[1]. Сергей Лавров, Сергей. (2020). России нужно не встраиваться, а строить самостоятельно. Доступен на: https://svop.ru/meeting/35431/

[2]. Statista Research Department. (2022). Number of U.S. soldiers killed in the Iraq war from 2003 to 2020. Retrieved from: 6.5.2023 in: https://www.statista.com/statistics/263798/american-soldiers-killed-in-iraq/

[3]. Statista Research Department. (2022). Number of documented civilian deaths in the Iraq war from 2003 to May 2023. Retrieved from:6.5.2023 in: https://www.statista.com/statistics/269729/documented-civilian-deaths-in-iraq-war-since-2003/

[4]. For more info, look at Amy Belasco. The Cost of Iraq, Afghanistan, and Other Global War on Terror Operations Since 9/11. (2014). Congressional Research Service. 7-5700 www.crs.gov RL33110.

**تەوەری دووەم: بواری بازرگانی[١] لە سیاسەتی دەرەكیی مۆسكۆ بەرانبەر عێراق**

شایەنی ئاماژەپێكردنە، یەكێك لە ئاڵەنگارییە بنچینەییەكانی مۆسكۆ بەرانبەر جەنگی ئەمەریكا دژی عێراق پرسی بەرژەوەندییە بازرگانییەكانی بوو. بۆ ئەوەی لە گرنگی پێگەی ستراتیژی عێراق لە سیاسەتی ڕووسیدا تێبگەین، پێویستە پرسە ئابووری و بازرگانییەكان لەنێوانی هەردوو دەوڵەتدا شرۆڤە بكەین. هەوڵە دیپلۆماسییەكانی مۆسكۆ و مكوڕی سیاسەتی دەرەكیی ئەم وڵاتە بەرانبەر عێراق، سەرەنجام لە ساڵی ٢٠١٢ دامەزراندنی "ئەنجومەنی كاروباری بازرگانی ڕووسیی عێراقیی"[٢] لێكەوتەوە.

**لقی یەكەم: پرسی وزە لە سیاسەتی دەرەكیی روسیا لە عێراق**

یەكێك لە پرسە گەرموگوڕەكانی تایبەت بە كەرتی وزەی عێراقی، پرسی گرێبەستە نەوتییەكانی كۆمپانیا ڕووسییەكان بوو لەگەڵ ڕژێمی پێشووی عێراقی. ڕژێمی سەدام حسێن بەر لە جەنگەكە بەهۆی هەڵوێستە دوو پێوانەییەكانی مۆسكۆ بەرانبەری، گرێبەستێكی نەوتی گەورەی چل ملیار دۆلاری لەگەڵ روسیا هەڵوەشاندەوە، لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە، هەروەك بەرپرسی جێبەجێكاری ئەوكاتەی كۆمپانیای "زەروبێژنەفت зарубежнефть"ی ڕووسی، نیكۆلای تۆكاریێڤ Николай Токарев" لەدیدارێكیدا لەگەڵ گۆڤاری "كۆمپانیا Компаня"ی ڕووسی دەڵێت: "خودی ڕژێمی پێشووی عێراقی لە ژێرباری سزا ئابوورییە نێودەوڵـەتییەكاندا بوو، لەبەرئەوە كۆمپانیا ڕووسیەكان كە گرێبەستی نەوتیان لەگەڵ بەغداد هەبوو، بەهۆی سزاكانەوە نەیاندەتوانی سوود لەو گرێبەستانە

---

١. لە راستیدا، جگە لەو بوارانەی لەسەر ئاماژەمان بۆ كردوون، بوارگەلێكی دیكەش لە سیاسەتی دەرەكی ڕووسیدا هەیە كە كاریگەرییان هەیە بۆ نموونە: بواری بازرگانی كاڵاو شمەك یاخود بواری كلتووری و رۆشنبیری. بەڵام، توێژینەوەكە لەبەر هۆكارێكی سەرەكی ئاماژەیان پێنادات: پاش چاودێریكردن و خوێندنەوەی ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانی كاڵاوشمەكی نانەوتی و نا سەربازی ڕووسی، توێژینەوەكە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە كە بازرگانی و شمەكی ڕووسی لە عێراق لەرووی برهوە زۆر گەورە نییە، تەنانەت روسیا لە لیستی ٢٠ دەوڵەتی یەكەمدا نییە لە ئالوگۆڕی بازرگانیدا لەگەڵ دەوڵـەتی عێراقیدا هاوشێوەیەی دەوڵەتانی وەك، چین، ئیماراتی عەرەبی، هندستان، ئەندۆنزیا یاخود توركیا.

٢. لە راستیدا، ئەم ئەنجومەنە كۆمەڵێك ئامانجی دیاریكراوی لەخۆگرتووە تایبەت بە بەرەوپێشبردنی ئابووری و بازرگانی نێوان هەردوو دەوڵـەت: ١. پەرەپێدان بە بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەكانی ڕوسیا لە بازاڕی عێراقیدا و بە پێچەوانەوە. ٢. پشتیوانیكردنی ڕێكارە حكومییەكان بەسوودی فراوانكردنی هاریكاری و هەماهەنگی لە نێوانی روسیای فیدراڵ و كۆماری عێراقدا. ٣. خستنەڕووی زانیارییەكان بەشێوەیەكی ڕوون، لەهەربوارێكدا دەرفەتی كاری بازرگانی لەنێوانی هەردوولا هەبوو، زانیاری پێویست بخرێنەڕوو. ٥. پارێزگاریكردن لە مافە یاساییەكانی بازرگانانی هەردوو دەوڵەت لە میانەی مامەڵەكردنیان لەگەڵ دامودەزگا ئیداری و بیرۆقراتییەكان لە بەغداد یاخود مۆسكۆ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Russian- Iraqi Business Council for more info. Available at: http://www.rirbc.ru/en/about-the-council/mission-and-goals.html. Visited in: 13.5.2023

ببينن کە لەگەڵ لایەنی عێراقی ئەنجامیان دابوو"[١]. لەسەروبەندی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراقی، تۆکاریێڤ رایگەیاند کە کۆمپانیاکەیان بەهۆی جەنگی عێراقەوە لە نێوانی (١٥٠-١٨٠) ملیۆن دۆلارە زیانی بەرکەوتووە لەو گرێبەستانەی لەگەڵ ڕژێمەکەی سەدام حسێندا ئیمزاکراون[٢].

وەك دەردەکەوێت مۆسکۆ لەمەڕ بابەتی گرێبەستە نەوتییەکانی پێشووی لەگەڵ ڕژێمی عێراقی و مامەڵەی واشنتۆن لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسیەکانی بواری نەوت لە عێراقی نوێدا، نیگەرانی زۆری پێوە دیارە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، مۆسکۆ خواستێکی زۆری بۆ گەڕانەوە بۆ بازاری وزەی عێراقی هەبووە. "لیۆنید فێدون Леонид Федун"، جێگری سەرۆکی کۆمپانیای "لوك ئۆیل"ی ڕووسی لەمیانەی دیدارێکیدا لەگەڵ ئاژانسی کۆمێرسانتی "Коммерсантъ"ی ڕووسی لە ساڵی (٢٠٠٣)، ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە کۆمپانیاکەی سکاڵا دژی هەر کۆمپانیایەکی دیکە دەکات بە بڕی بیست ملیار دۆلار ئەگەر ئەو کۆمپانیایە گرێبەست لەگەڵ لایەنی عێراقیدا بکات بە مەبەستی وەبەرهێنان یاخود بەرەوپێشبردنی کێڵگەی نەوتی "قورنەی خۆرئاوا-٢"، لانی کەمی تاکو هەشت ساڵی دیکە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو گرێبەستەی[٣] کە کۆمپانیای لوك ئۆیلی ڕووسی لەگەڵ لایەنی عێراقیدا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی کێڵگەی نەوتی "قورنەی خۆرئاوا-٢" بۆ ماوەی بیست و سێ ساڵ و لە ساڵی (١٩٩٧)ئەنجامیداوە[٤]، بەڵام مۆسکۆ لەو ڕاستیەش بە ئاگایە کە هێز و کاریگەری لە عێراق هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نییە. هۆکارەکەش پەیوەندی بە دوو خاڵەوە هەیە: یەکەمیان، ڕژێمی پێشووی عێراقی لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە ڕووخێندرا. واتە عێراقی نوێ کەوتووەتە ژێر هەژموونی داگیرکاری ئەمەریکا. دووەم، دوای جەنگەکە، جۆرج بووشی سەرۆکی ئەوکاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە فەرمانێك هەموو جۆرە مامەڵەکردنێکی بە مەلەفی وزەی عێراقییەوە

[1]. Хнычкин, Юрий. (2002). Николай Токарев: «Зарубежнефть» умеет работать на международном рынке». Доступен на:https://ko.ru/articles/nikolay-tokarev-zarubezhneft-umeet-rabotat-na-mezhdunarodnom-rynke-107942/. Посетил в: 16.5.2023.

[2]. Lelyveld, Michael. (2003). Iraq: Are Baghdad's Old Oil Contracts Valid? Retrieved from: 16.5.2023 in: https://www.rferl.org/a/1102952.html.

[٣]. بەگوێرەی ئەم گرێبەستە لە لایەنی ڕووسەکانەوە، کۆمپانیای لوکئۆیل پشکی ٦٨,٥٪ ی بەردەکەوت. هەریەك لە کۆمپانیاکانی " زەروبێژنەفت و ماشینەئیمپۆرت" پشکی ٣,٢٥٪ی بەردەکەوت. لەلایەنی عێراقیشەوە، کۆمپانیای سۆمۆی عێراقی پشکی ٢٥٪ بەرکەوتووە. ئەم گرێبەستە بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ ئیمزاکراوە، کە دەکرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵیش بەرەزامەندی هەردوولا نوێبکرێتەوە. بەگوێرەی گرێبەستەکە، لایەنی ڕووسی نزیکەی چوار ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لەم کێڵگە نەوتییەدا دەکرد کە بە نزیکەی شەش ملیار بەرمیل نەوت خەمڵێندرابوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:
https://www.vedomosti.ru/library/news/2005/01/24/lukojl-nachnet-raboty-na-mestorozhdenii-zapadnaya-kurna-posle-formirovaniya-pravitelstva-iraka٢٠٢٣/٥/١٩ بەرواری سەردان: .

[4]. To the Victor Goes the Oil, (2003), retrieved 19.5.2023 from: https://en.shana.ir/news/3135/To-the-Victor-Goes-the-Oil

ڕاگرت.[١].

وەك دەردەكەوێت لایەنی رووسی و كۆمپانیا ڕووسیەكان لە بەدواداچونەكانیان بەردەوام بووبێتن لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ كەرتی وزەی عێراقی. لەم ڕووەوە، ئاژانسی لێنتا(Лента.ру) ی رووسی لە راپۆرتێكیدا" ئاماژە بە چەند پرسێكی گرنگ دەكات سەبارەت بە پەیوەندییەكانی نێوان مۆسكۆ و بەغداد كە دەكرێت لە چەند خاڵێكدا كورتییان بكەینەوە[٢]:

١. ساڵی (٢٠٠٧)، هۆشیار زێباری كە وەزیری دەرەوەی عێراق دەبێت، ئاماژە دەدات بەوەی كە حكومەتی عێراقی خۆشحاڵە بە بینینی كۆمپانیا نەوتییەكانی روسیا لە خاكی عێراقدا وەبەرهێنان بكەن.

٢. روسیا تا ساڵی (٢٠٠٨) نزیكەی حەوت بۆ هەشت ملیار دۆلار قەرزی لای حكومەتی عێراقییە. جگە لە بەهای ئەو سوودەی كە چووەتە سەر قەرزەكە، بەڵام مۆسكۆ بڕیار دەدات بە ڕێژەی (٩٣٪) قەرزەكانی سەر حكومەتی عێراقی خۆش بێت.

٣. لە ساڵی (٢٠٠٨)، ڤلادمیر پوتینی سەرۆكی روسیا نامەیەك ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتی عێراق نوری مالیكی دەكات، تیایدا پشتیوانی لە گەڕانەوەی كۆمپانیا ڕووسییەكان دەكات تاكو وەبەرهێنان لە كەرتی نەوت و غازی سروشتی عێراقیدا بكەن. پوتین جەختی لەسەر گەڕانەوەی كۆمپانیای لوك ئۆیڵی ڕووسی بۆ عێراق دەكات بە مەبەستی وەبەرهێنان لە كێڵگەی نەوتی "قورنەی خۆرئاوا-٢".

٤. لە ڕێكەوتی(٢٠٠٩/١٢/١٢)، كۆمپانیای لوك ئۆیڵی ڕووسی بەهاوبەشی لەگەڵ كۆمپانیایەكی نەرویجی"ستات ئۆیڵ هیدرۆ StatoilHydro" سەركەوتوو بوون لە بردنەوەی گرێبەستی وەبەرهێنان لە كێڵگەی نەوتی "خۆرائاوای قورنە-٢". تاكو ساڵی (٢٠١٨)، كۆمپانیاكە لەم كێلەگە نەوتییە و لە كێڵگەی نەوتی ناسراوو بە بلۆكی دە"block 10"، نزیكەی هەشت ملیار دۆلار وەبەرهێنانی كردووە[٣].

٥. لە هەمان ڕۆژ، كۆمپانیایەكی دیكەی ڕووسی "گازپرۆم نەفت" بەهاوبەشی لەگەڵ چەند كۆمپانیایەكی دیكەدا، گرێبەستێكی وەبەرهێنانی لە كێڵگەی بەدرە لە نزیك سنووری ئێران بردەوە. جێگری سەرۆكی بەڕێوەبەری كۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنان "بۆریس

[١]. جۆرج بووشی بە نوسراوێكی فەرمی ژمارە (١٣٣٠٣)، هەموو جۆرە نوسراوێكی تایبەت بە سەپاندنی كۆتوبەند، جێبەجێكردن یاخود هەرجۆرە بەدواداچوونێكی دادگایی، سكاڵاكردنی یاسایی پەیوەست بە هەموو بەرهەمە نەوتییەكانی عێراقەوە "بە لەكاركەوتوو" هەژماركرد. ئەم بڕیارەشی زۆرتر لە بەرژەوەندی كۆمپانیا ئەمەریكییەكان بوو لەپێناو ئەوەی وەبەرهێنان لە كەرتی وزەی عێراقیدا بكەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

About: Executive Order 13303, retrieved 19.5.2023 from:
https://dbpedia.org/page/Executive_Order_13303

[2]. Антон Ключкин, Антон. (2009). "Курна" заветная "Лукойл" вернулся в Ирак победителем. Доступен на: https://lenta.ru/articles/2009/12/15/kurna/. Посетил в: 21.5.2023.

[3]. Mamedov, Ruslan. (2019). After the Caliphate: The Prospects of Russia–Iraq Relations. Russian International Affairs Council. Moscow. P.6.

زیلبەرمینتس "Boris Zibermints". جەختی لەسەر گرنگی گرێبەستەکە کرد بۆ هەردوولایەنی ڕووسی و عێراقی. کۆمپانیا ڕووسییەکە بڕیاریدا بە بڕی دوو ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی ووزەی عێراقیدا بکات[١]. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو ڕاستییەی کە کۆمپانیا ڕووسیەکان بەشێوەیەکی چڕ وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق دەکەن، دەکرێت ئاماژە بە ناوی کۆمپانیا ڕووسییەکە، ساڵی ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ لایەنی عێراقی و ئەو کێڵگەیەی کاری تیادا دەکەن، بخەینەڕوو[٢]:

١. کۆمپانیای لوك ئۆیل لە کێڵگەی نەوتی "قورنەی خۆرئاوا-٢" لە ساڵی (٢٠٠٩) لەگەڵ کێڵگەی "Block 10" لە ساڵی (٢٠١٢).
٢. کۆمپانیای گازپرۆم وهاوبەشەکانی لە ساڵی ٢٠٠٩ لە کێڵگەی بەدرە لە پارێزگای واست.
٣. کۆمپانیای "سترۆی ترانس گاز" لە کێڵگە نەوتی و غازییەکانی پارێزگای ئەنبار.
٤. کۆمپانیای "باشنەفت" لە کێڵگەی نەوتی "Block 12" لە ساڵی (٢٠١٢). لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٦)، کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕووسی ئەم کۆمپانیایەی کڕییەوە.

کۆپانیای ڕۆزنەفت خاوەنی (٦٠٪) بۆری هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستانە بۆ بەندەری جیهانی تورکی.

پاڵپشت بەو زانیارییانەی سەرەوە، توێژینەوەکە پێیوایە کە:

١. گەورەترین گریمانەی هەڵگیرساندنی جەنگی سەر عێراق لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە، نەوت و غازی سروشتی عێراقی بوو. بەڵام دوای جەنگەکە، دەرکەوت کە تەنها ئەمەریکا نییە کە بە شوێن وەبەرهێنانەوەیە لە نەوتی عێراقی، بەڵکو ئەوە کۆمپانیا نەوتییەکانی وڵاتانی دیکەی وەك روسیان کە دەیانەوێت سوودمەندبن لە کارکردن لە سامانی سروشتی عێراقیدا. ساڵی (٢٠١٨)، جێگری وەزیری دەرەوەی روسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا" میخائیل بەگدانۆڤ "Михаел Багданов" لە میانەی دیدارێکیدا لەگەڵ باڵیۆزی عێراقی لە مۆسکۆ" حەیدەر هادی"، جەخت لەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکەنەوە بەتایبەت لەبارەی پەیوەندییە بازرگانییەکان لە کەرتی نەوت و غازی سروشتی عێراقی[٣]. ئەوەی جێگەی سەرنجە بەرپرسانی باڵای روسیا لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوەی چەندینجار سەردانی عێراقیان کردووە بە

[1]. For more info, look at:

- Paxton, Robin& Golubkova, Katya. (2009). Gazprom consortium to invest $2 billion in Iraq. Retrieved from 22.5.2023 in: https://www.reuters.com/article/us-gazpromneft-idUSTRE5BF2AA20091216.

- Russia's Loil wins bid for one of the world's largest untapped oil fields. (2009). Retrieved from: 22.5.2023 in: https://www.france24.com/en/20091212-russias-lukoil-wins-bid-one-worlds-largest-untapped-oil-fields

[٢]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق، بڕوانە: https://www.iraq-businessnews.com/list-of-/oil-and-gas-fields-in-iraq. بەرواری سەردان:٢٣/٥/ ٢٠٢٣.

[3]. Для полючения много информации: https://archive.mid.ru/web/guest/maps/iq/-/asset_publisher/WizNA2SGNvS5/content/id/3299093

مەبەستی چاودێریکردن و پشتیوانیکردنی کۆمپانیا نەوتییەکانییان. تەنها سێرگێی لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێ جار لە ساڵەکانی (٢٠١١،٢٠١٤،٢٠١٩) سەردانی بەغدادی کردووە[١]. ئەمەش ئەو گریمانەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە عێراق لە سیاسەتی دەرەکیی روسیادا پێگەیەکی بایەخداری هەیە بۆ پارێزگاریکردن و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکانی مۆسکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢. پێشتر ئەوەمان خستەڕوو کە واشتۆن بە فەرمی، هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراقی هەڵوەشاندنەوە، بەدیاریکراوی گرێبەستی کۆمپانیای لوکئۆیلی ڕووسی لە کێڵگەی نەوتی "قورنەی خۆرئاوا-٢"، بەڵام مۆسکۆ سەرکەوتووبوو لە بەدەستهێنانەوەی ئەو گرێبەستە نەوتییە دوای شەش ساڵ لە نەمانی ڕژێمی پێشووی عێراقی. پرسیارە گرنگەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە چۆن کۆمپانیا ڕووسییەکان سەرکەوتوو بوون لە بردنەوەی ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ لایەنی عێراقی لەکاتێکدا مۆسکۆ لەو وڵاتانە بوو کە لە بەرەی دژایەتیکردنی جەنگەکە بوو؟ ئەم بارودۆخە، ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە سەرەڕای دژایەتی جەنگی عێراق لەلایەن روسیاوە، ڤلادمیر پوتین دوای دڵنیابوونەوەی لە هێرشی سەر عێراق، نوێنەری تایبەتی خۆی ناردە کۆشکی سپی بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مۆسکۆ لە عێراقی نوێدا.

٣. گریمانەیەکی دیکەی بردنەوەی گرێبەستی نەوتی عێراقی لەلایەن کۆمپانیا ڕووسییەکانەوە، پرسی لێخۆشبوونی قەرزە دەرەکییەکانی مۆسکۆ بوو لەسەر عێراق. واتە: لێخۆشبوونی قەرزەکانی روسیا بەرانبەر بە بردنەوەی گرێبەستە نەوتییە نوێیەکانی کۆمپانیا ڕووسیەکان لەگەڵ لایەنی عێراقیدا. روسیا لەوە دڵنیاببووەوە کە بەغداد توانای گەڕانەوەی قەرزەکانی نییە، لەبەرئەوە باشترین بژاردە بۆ هەردوولا، پێدانی گرێبەستی وەبەرهێنانە لە کەرتی نەوت و غازی سروشتی عێراقی بە لایەنی ڕووسی.

٤. لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسانی عێراقی بەردەوام پشتیوانی خۆیان لە هاتنی کۆمپانیا نەوتییەکانی روسیا بۆ خاکی عێراق کردووە تاکو وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراقی بکەن و بەرەوپێشەوەیان ببەن. ساڵی (٢٠١٨) و لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی نێوانی وەزیری نەوتی عێراقی "جابر ئەللیبی" لەگەڵ جێگری وەزیری وزەی ڕووسی"کیریل مەلۆدتسۆڤ "Кирил Молодцов"، وەزیرە عێراقییەکە هەموو پشتیوانییەکی وڵاتەکەی بۆ کۆمپانیا ڕووسییەکانی وەک "گازپرۆم و لوک ئۆیل" دەربڕی کە بەردەوامی بدەن بە کارەکانیان لە عێراق[٢].

---

[1]. Владислав Воробьев, (2023), Бронежилеты надеть обязательно. Багдад потряс Лаврова, подробнее на: https://aif.ru/politics/world/bronezhilety_nadet_obyazatelno_bagdad_potryas_lavrova посетил в:25.5.2023.

[2]. Министр нефти Ирака призвал компании из РФ к активному участию в нефтегазовых тендерах: ‹был получен на:https://tass.ru/ekonomika/5108667. Посетил В: 4. 6.2023.

**لقی دووەم: کاریگەری بواری بازرگانی سەربازی لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسیدا لە عێراق**

سەرەتا و ئەوەی کە ڕوونە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناویاندا دەوڵەتی عێراق کڕیارێکی گەورەی کاڵای سەربازی ڕووسین. بەگوێرەی توێژینەوەیەکی ناوەندی "چاتهام هاوس Chatham House"، لەماوەی شازدە ساڵدا (٢٠٠٠-٢٠١٦)، ڕوسیا پێنجیەکی فرۆشی کاڵای سەربازی هەمەجۆری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا دابینکردووە، بەشێوەیەك لە دوای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە، دووەم گەورە دابینکەری کاڵای سەربازی بووە بۆ ئەم ناوچەیە[١]. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوانگەیەك هەیە کە پێیوایە، کۆشکی کرێملین مامەڵەی فرۆشتنی چەکەکانی وەك ئامرازێکی سیاسی بەکاردێنێت، لێرەدا، تێکرای هەناردە و فرۆشی چەکەکانی مەبەست نییە، هێندەی کرێملین ئامادەگی تیادایە کە چەك و کاڵای سەربازی بە دەوڵەتێك کە ناکۆکی لەگەڵ واشنتۆن هەیە، بفرۆشێت، بۆ نموونە، ئێران و سووریا یاخود دەوڵەتێك کە دەیەوێت جێگرەوەی چەك و کاڵای سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بدۆزێتەوە بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانەوە، بۆ نموونە، عێراق و میسر[٢].

بەهۆی بڕیاری ژمارە (١٤٨٣) ی ئەنجومەنی ئاسایش نێودەوڵـەتی لە ساڵی (٢٠٠٣) تایبەت بە هەڵگرتنی گەمارۆی مامەڵەی چەك لەگەڵ عێراق، هەروەها ڕێگەدان بە دامەزراندنی دامەزراوەی ئاسایشی ناوخۆیی لە عێراق، پێگەی عێراق لە مامەڵەکردنی لەگەڵ وڵاتانی دیکە لەبارەی چەك و کاڵای سەربازییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هات[٣]. ڕوسیا یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کە سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت ئەویش لەڕێگەی بەستنی چەندین گرێبەستی سەربازی ڕووسی عێراقی کە بەهاکەی ملیار دۆلاری ئەمەریکی تێپەڕاند. ساڵی (٢٠٠٤)، پوتین ڕێگەیدا سەرلەنوێ گرێبەستی فرۆشتنی کاڵای سەربازی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق ئەنجام بدات. ساڵی (٢٠٠٧)، گرێبەستێك لەنێوانی مۆسکۆ و بەغداد ئیمزاکرا بە مەبەستی دابینکردنی ٢٢ هێلیکۆپتەری جۆری (mi-17) بۆعێراق، گرێبەستەکەش ساڵی (٢٠١١) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بڕەکەشی ٣٤٥ ملیۆن دۆلار بوو[٤].

بە چاودێریکردنی دۆخەکە، دەردەکەوێت کە بەرەوپێشچوونی زیاتری پەیوەندی و مامەڵە سەربازییەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغداد دەکەوێتە قۆناغی دوای کشانەوەی بەشی زۆری سوپای ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی (٢٠١١). دوای ئەم ڕێکەوتە، زەمینەیەك بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی هاریکاری و مامەڵە سەربازییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت دروست دەبێت. ساڵی (٢٠١٢)، لەمیانەی

[1]. Connolly, Richard& Sendstad, Cecilie. (2017). Russia’s Role as an Arms Exporter: The Strategic and Economic Importance of Arms Exports for Russia, Chatham House, P. 5.

[2]. Rodkiewicz, Witold. (2017). Russia’s Middle Eastern policy: regional ambitions, global objectives. Centre for Eastern Studies. Poland. P. 47.

[3]. For more info: Resolution 1483 (2003) / adopted by the Security Council at its 4761st meeting, on 22 May 2003: https://digitallibrary.un.org/record/495555?ln=ru.

[4]. Военно-техническое сотрудничество России и Ирака. Досье. Там же. Посетил в: 28.5.2023.

سەردانێکی وەزیری بەرگری ئەوکاتی عێراق "سەعدون دلێمی" و سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراقی "نوری مالیکی" بۆ مۆسکۆی پایتەختی روسیا و چاوپـێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی ڕووسی "دمیتری مێدڤێدڤ" و وەزیری بەرگری روسیا "سێرگێی شۆیگو"، هەردوولا چەند گرێبەستێکی سەربازییان بە بەهای زیاتر لە ٤ ملیار دۆلار ئیمزاکرد. گرێبەستەکە خۆی دەبینییەوە لە چل و هەشت مووشەکی دژە فرۆکە لەگەڵ سی و شەش (دواتر کرا بە ٤٠) هێلیکۆپتەری شەرکەری جۆری "MI-28N"[١]. لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٣)، روسیا دەستیکرد بە هەناردەکردنی کاڵا سەربازییەکانی بۆ عێراق کە پێکهاتبوون لە هێلیکۆپتەری هێرشبەری جۆری "MI-35 و MI-28N"، پاشان گروپێك لە ئەفسەرانی پسپۆری عێراقی رەوانەی روسیا کران بە مەبەستی بینینی خولی ڕاهێنان وبەکارهێنانی چەکە سەربازییە ڕووسییەکان لە شاری تۆرژۆك[٢].

بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعشەوە بارودۆخی ناوخۆیی عێراق زۆر خراپ شڵەژا. عێراق گرێبەستێکی دوانزە ملیار دۆلاری لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی هەبوو بە ئامانجی کڕینی فرۆکەی جەنگی ئەمەریکی جۆری "F-16"، بەڵام ئەمەریکییەکان لە ناردن و رادەستکردنی ئەم جۆرە فرۆکەیە دڵنیانەبوون، ترسییان هەبوو ئەم جۆرە چەکانە بکەونە دەستی گروپە چەکدارەکان، لەوکاتەدا تەسلیمی لایەنی عێراقییان نەکرد لەکاتێکدا عێراق زۆر پێویستی پێی بوو[٣]. لەبەرئەوە، جارێکی دیکە، عێراق ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ روسیا تاکو چەکی پێویستی خۆی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی داعش دەست بخات. بەم هۆیەش، بە بەهای زیاتر لە یەك ملیار دۆلار، گرێبەستێکی دیکەی نێوانی مۆسکۆ و بەغداد بۆ دابینکردنی فرۆکەی جەنگی جۆری "СУ-25"ی ڕووسی ئیمزا کرا. لە حوزەیرانی ساڵی(٢٠١٥)، ئەوکاتەی عێراق جەنگێکی یەکلاییکەرەوەدا بوو لەگەڵ داعش، بەغداد پێنج فرۆکەی لە روسیا وەرگرت کە لە جەنگی ڕووبەرووبونەوەی گروپەکەدا بەکاریهێنا[٤].

جێگەی بایەخە، لە ڕاپۆرتی خزمەتگوزاری توێژینەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی کە پشتی بەستووە بە زانیارییەکانی ناوەندی توێژینەوەی ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی (SIPRI)، روسیا لە ماوەی نۆزدە ساڵدا (٢٠٠٠-٢٠١٩)، بەرێژەی (٢٦,٣٪)، کۆی هاوردەی کاڵای سەربازی عێراقی دابینکردووە[٥]. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تێگەیشتنە، لێدوانێکی سەرۆکی کۆمپانیای نیشتمانی"ростех"ی

[1]. Пухов, Руслан& Денисенцев, Сергей. (2015). Наше оружие снова в Ираке. извлекаются из: https://nvo.ng.ru/nvo/2015-07-03/1_iraq.html посетил в: 28.5.2023.

[2]. президент РФ Владимир Путин подписал соответствующий указ. предыдущий источник.

[3]. Iraq Could Replace its Collapsing F-16 Fleet with Russian Fighter Jets. Retrieved from: 28.5.2023 in: https://shafaq.com/en/Iraq-News/Iraq-Could-Replace-its-Collapsing-F-16-Fleet-with-Russian-Fighter-Jets

[4]. Военно-техническое сотрудничество России и Ирака. (2015). Подробнее на: Досье: https://tass.ru/info/1981871.

[5]. Congressional research service, (2020). Arms Sales in the Middle East: Trends and Analytical Perspectives for U.S. Policy. P. 17. Retrieved from: https://crsreports.congress.gov. R44984

ڕووسی"سێرگێی چێمێزۆڤ сергей чемезов" بە نموونە دەهێنینەوە کە دەڵێت:"هەرکاتێك جەنگ، پێکدادان یاخود ناکۆکی و ململانێکان زۆرتر بوون، کاڵا سەربازییەکانمان باشتر دەفرۆشرێن"[١] . ناوبراو ناڕاستەوخۆ ئاماژەیدا بە ڕووداوەکانی عێراق و مەترسییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. لەم ڕووەوە، زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عێراق لە پاش ئەمەریکاوە، دووەم گەورە هاوردەکاری کاڵای سەربازی ڕووسییە. توێژینەوەکەمان لەپێناو پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی سەرەوە لەبارەی پشکی عێراق لە کڕینی کاڵای سەربازی ڕووسی لەم وێنەیەی خوارەوە بە نموونە وەرگرتووە:

وێنەی ژمارە (١)

پشکی عێراق لە هاوردەکردنی کاڵای سەربازی ڕووسی لەماوەی ١٩ ساڵدا (٢٠٠٠-٢٠١٩)




تێبینی: وێنەکە لەلایەن توێژەرانەوە دروستکراوە پاڵپشت بەم سەرچاوەیە:STATISTA.COM[٢]

لەلایەکی دیکەوە، توێژەری ڕووسی "ئانا ڤۆرشچێڤسکایا Anna Borshchevskaya" لە توێژینەوەیەکیدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بۆچی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و دەوڵـەتی عێراق بەتایبەتی دەخوازێت کاڵای سەربازی ڕووسی بکرێت؟[٣]:

---

[1]. Алексей Никольский, (2019), Ближний Восток становится крупнейшим рынком для российских вооружений, подробнее на: https://www.vedomosti.ru/politics/articles/2019/02/18/794445-blizhnii-vostok-stanovitsya-krupneishim-rinkom-vooruzhenii . посетил в: 29.5.2023

[2]. Share of arms imported in Iraq between 2000 and 2019, by supplier country. Retrieved from: https://www.statista.com/statistics/1210643/iraq-share-of-arms-imports-by-supplier-country/#statisticContainer

[3]. Borshchevskaya, Anna. (2017). The Tactical Side of Russia’s Arms Sales to the Middle East. The

- توێژەر دەڵێت کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا چەك بە زۆرێك لەو دەوڵەتانە نافرۆشێت کە دۆست یاخود کڕیاری کاڵای سەربازی ڕووسین.
- کاڵا سەربازییە ڕووسیەکان لەرووی نرخەوە هەرزانترن بەراورد بە کاڵای سەربازی ئەمەریکا.
- کاڵا سەربازییە ڕووسیەکان بەتایبەتی لە بواری سیستەمی بەرگری ئاسمانی کێبڕکێی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات.
- هاوردەکردنی کاڵای سەربازی ڕووسی ئاسانترە، خێراترە چونکە ڕێوشوێنی ئیداری و بیرۆقراتییەکانی کەمترە بەراورد بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا.
- توێژەر دەڵێت کە مەرجەکانی روسیا لە فرۆشتنی چەك ئاسانترە بەراورد بە ئەمەریکا. ئەگەر ئەمەریکا چەك بە هەر وڵاتێك بفرۆشێت دەبێت لەو ولاتە بمێنێتەوە. بەڵام بۆ روسیا وانییە. ئەو وڵاتەی ڕاستەوخۆ چەکی لە روسیا کڕیوە، دەتوانێت هەرکات ویستی بە دەوڵەتێکی دیکەی بفرۆشێتەوە.

دواجار، لەروانگەی توێژەرانەوە بابەتی گرێبەستی چەك و کاڵای سەربازی لەنێوانی روسیا و عێراق بۆ روسیا، گرنگی و بایەخی ستراتیژی هەیە، چونکە:

١. لەڕووی داهاتەوە، فرۆشتنی چەك و کاڵای سەربازی یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهات لە روسیایە.

٢. فرۆشتنی چەك بە عێراق ڕێگەیەکە کە مۆسکۆ دەتوانێت لەڕووی سیاسییەوە پێگە و هەژموونی خۆی لە عێراق زیاتر بکات.

٣. بەهۆی ئەنجامدانی گرێبەستی فرۆشتنی چەکەوە لەنێوانی بەغداد و مۆسکۆ، متمانە و کاری پێکەوەیی نزیکبوونەوەی هەڵوێستە سیاسییەکانی هەردوو وڵات لەسەر ئاستی ناوچەکە و تەنانەت دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لێکنزیکبوونەوەی باشی بەخۆوە بینیوە. بەغداد هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی زۆری هەیە بۆ هەڵوێستی روسیا لەمەڕ قەیرانەکانی ئێران و سووریا.

٤. جگە لەمامەڵە و گرێبەستە سەربازییەکانی نێوانی مۆسکۆ و بەغداد، لە پرسی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و گەڕانەوەی سەقامیگری و ئاسایشی ناوخۆیی بۆ عێراق، روسیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. توێژەران لە بەدواداچوونیان بۆ پۆرتاڵی سەرەکی باڵیۆزخانەی روسیا لە عێراق، تێبینیان کرد کە گۆشەیەکی تایبەت بە پرسی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر هەیە. زانیارییەکان ئاماژە بە هەماهەنگی کۆمیتەی نیشتمانی ڕووسی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر " Национальнный Антитеррористический Комитет" لەگەڵ لایەنی عێراقی دەکەن بە مەبەستی لەناوبردنی سەرچاوە داراییەکانی پشتیوانی لە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ساڵی ٢٠١٥[1].

---

Washington Institute For Near East Policy. Retrieved from: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/tactical-side-russias-arms-sales-middle-east

[1]. Для много информаыии:

## دەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم کارە زانستییەدا توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە:

١. عێراق لە سیاسەتی دەرەکیی روسیادا پێگەیەکی گرنگی هەیە. بەرپرسانی کۆشکی کرێملین ئەم ڕاستییەیان چەندجار دووپات کردووەتەوە، هەوڵەکانیشیان هەر بەم ئاراستەیە بووە. لایەنی عێراقیش تەواوکاری ئەم سیاسەتە ڕووسییە بووە و نەیانشاردووەتەوە کە پشتیوانی لە ڕۆڵبینی گەورەی روسیا دەکەن لە عێراق.

٢. بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی کە مۆسکۆ و بەغداد هەیانە، داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە نەبووە ڕێگر لەبەردەمی مۆسکۆ کە پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی وسەربازییەکانی لەگەڵ بەغداد بپچڕێنێت، بەڵکو روسیا یەکێك بوو لەو دەوڵـەتانەی کە لە دوای پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراقی، پشتیوانی لە گەڕانەوەی دەزگا دیپلۆماسییەکانی وەك یەکێك لە ئامڕازەکانی سیاسەتی دەرەکیی دەوڵـەت کرد.

٣. مۆسکۆ لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکیی، پشتیوانی بەهێزی لە کۆمپانیا نەوتی و گازییەکانی خۆی لە عێراق کردووە، پاڵپشت بەو ڕاستییەی کە بەرپرسانی باڵای ڕووسی لە سەر ئاستی وەزارەتی دەرەکی ئەو وڵاتە چەند جارێك سەردانی عێراقیان کردووە و لە سەردانەکانیاندا جەختیان لە کاری وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی سروشتی عێراقی کردووەتەوە.

٤. پاڵپشت بەو ڕاستییەی کە دەگوترێت سیاسەتی دەرەکیی ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەتە، بوارەکانی پیشەسازی نەوت و غازی سروشتی وەك سەرچاوەی یەکەمی داهات بۆ روسیا لەگەڵ پیشەسازی و بازرگانی سەربازی کە مۆسکۆ خستوویەتییە خزمەتی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانییەوە، لە عێراق زۆر چالاکە و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر سیاسەتی دەرەکیی دەوڵەتەکەوە هەیە لە عێراق.

٥. قەیرانە داراییەکان لەگەڵ قەیرانی ئاسایشی تێکچونی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە عێراق بە دیاریکراوی لە دوای کشانەوەی رەسمی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پاشان هێرش و پەلامار و داگیرکارییەکانی ڕێکخراوی داعش، پاڵنەری بینینی ڕۆڵێکی گەورەتری سیاسەتی دەرەکیی روسیا بوون لە عێراق. واتە، مۆسکۆ زیرەکانە دەرفەتەکانی لە عێراق قۆستەوە و سیاسەتێکی دیپلۆماسییەتی چالاکی ڕووەو عێراق خستەگەڕ، پشتیوانیکردن لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی بواری پیشەسازی نەوت و غازی سروشتی لەگەڵ پیشەسازی سەربازی لە سیاسەتی دەرەکیی ڕووسیدا بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە.

---

http://nac.gov.ru/publikacii/stati-knigi-broshyury/finansirovanie-terroristicheskoy-organizacii.html. Посетил в: 29.5.2023.

## لیستی سەرچاوەکان:


**یەکەم: سەرچاوەی عەرەبی**

١. عبدالحميد، عاطف معتمد،(٢٠٠٤). الموقف الروسي من احتلال العراق.. عام من التغيير.تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/١٥ على الرابط: https://2u.pw/tXvsD8.

٢. شحيل، احمد حسين، السياسة الخارجية الروسية تجاه العراق بعد عام ٢٠٠٣، (٢٠٠٨). المجلة السياسية الدوليةد، جامعة المستنصرية، العراق، العدد ١٠.

٣. شورش، سامي. (٢٠٠٣). ا لملف الاول: رئيس مجلس الحكم العراقي يبحث في موسكو في ديون روسيا على بلاده، القوات الأميركية تواصل عمليات الدهم بحثاً عن منفذي الهجمات المسلحة. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/٢٧ على الرابط: https://www.iraqhurr.org/a/1637720.html .

٤. وكالة الانباء الكويتية"كونا".(٢٠٠٧). زيباري: حجم الديون العراقية المستحقة لروسيا ١٣ مليار دولار. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٥/١ على الرابط:
https://www.kuna.net.kw/ArticleDetails.aspx?language=ar&id=1843161#

٥. عماره. سامي. (٢٠٠٣). السلطات الروسية تعلن استعدادها لالغاء ثلثي ديونها على العراق. تم استرجاعه في ٢٠٢٣/٤/٣٠ على الرابط:
https://archive.aawsat.com/details.asp?article=209140&issueno=9156#.ZExYIXZBy3A

**دووەم: سەرچاوەی ئینگلیزی**

1. Amy Belasco. The Cost of Iraq, Afghanistan, and Other Global War on Terror Operations Since 9/11. (2014). Congressional Research Service. 7-5700 www.crs.gov RL33110.

2. CRS Report for Congress. (2003). Russia and the War in Iraq. Retrieved from: https://www.everycrsreport.com/reports/RS21462.html

3. CNN. (2000). Russia's Ivanov arrives in Iraq on a Mideast tour. Retrieved from: 13.4.2023 in:
http://edition.cnn.com/2000/WORLD/meast/11/13/iraq.russia.reut/index.html.

4. Russian Foreign Policy Concepts. (2000). Retrieved from: https://nuke.fas.org/guide/russia/doctrine/econcept.htm

5. Liu, F. (2022). Russia’s Foreign Policy Over the Past Three Decades: Change and Continuity. Chinese Journal of Slavic Studies, 2(1), 86-99. https://doi.org/10.1515/cjss-2022-0004

6. Golan, Galia. “Russia and the Iraq War: Was Putin’s Policy a Failure?” Communist and Post-Communist Studies 37, no. 4 (2004): 429–59.

https://www.jstor.org/stable/48609509.

7. Blank, Stephen. (2017). Russia in The Middle East. The Foundations of Russian Policy in the Middle East.P.1. Retrieved from: https://jamestown.org/wp-content/uploads/2017/10/WS1-Blank-FINAL.pdf

8. Fried, Daniel& Volker, Kurt. (2022). Opinion | The Speech In Which Putin Told Us Who He Was. (2022). Retrieved from: 5.5.2023 in: https://www.politico.com/news/magazine/2022/02/18/putin-speech-wake-up-call-post-cold-war-order-liberal-2007-00009918

9. CNN. (2000). Russia's Ivanov arrives in Iraq on a Mideast tour. Retrieved from: 13.4.2023 in: http://edition.cnn.com/2000/WORLD/meast/11/13/iraq.russia.reut/index.html.

10. Statista Research Department. (2022). Number of U.S. soldiers killed in the Iraq war from 2003 to 2020. Retrieved from: 6.5.2023 in: https://www.statista.com/statistics/263798/american-soldiers-killed-in-iraq/

11. Statista Research Department. (2022). Number of documented civilian deaths in the Iraq war from 2003 to May 2023. Retrieved from:6.5.2023 in: https://www.statista.com/statistics/269729/documented-civilian-deaths-in-iraq-war-since-2003/

12. The Cost of Iraq, Afghanistan, and Other Global War on Terror Operations Since 9/11. (2014). Congressional Research Service. 7-5700 www.crs.gov RL33110.

13. Russian- Iraqi Business Council for more info. Available at: http://www.rirbc.ru/en/about-the-council/mission-and-goals.html.

14. Lelyveld, Michael. (2003). Iraq: Are Baghdad's Old Oil Contracts Valid? Retrieved from: https://www.rferl.org/a/1102952.html.

15. Chatterjee, Pratap & Farawati, Oula AI.(2003). To the Victors Go the Spoils of War British Petroleum, Shell, and Chevron Win Iraqi Oil Contracts. Retrieved from: 18.5.2023 https://www.corpwatch.org/article/victors-go-spoils-war.

16. Mamedov, Ruslan. (2019). After the Caliphate: The Prospects of Russia–Iraq Relations. Russian International Affairs Council. Moscow.

17. Paxton, Robin& Golubkova, Katya. (2009). Gazprom consortium to invest $2 billion in Iraq. Retrieved from 22.5.2023 in: https://www.reuters.com/article/us-gazpromneft-idUSTRE5BF2AA20091216.

18. Russia's Lukoil wins bid for one of the world's largest untapped oil fields.

(2009). Retrieved from: 22.5.2023 in: https://www.france24.com/en/20091212-russias-lukoil-wins-bid-one-worlds-largest-untapped-oil-fields

19. Connolly, Richard& Sendstad, Cecilie. (2017). Russia's Role as an Arms Exporter: The Strategic and Economic Importance of Arms Exports for Russia, Chatham House.

20. Rodkiewicz, Witold. (2017). Russia's Middle Eastern policy: regional ambitions, global objectives. Centre for Eastern Studies. Poland.

21. Resolution 1483 (2003) / adopted by the Security Council at its 4761st meeting, on 22 May 2003: https://digitallibrary.un.org/record/495555?ln=ru.

22. Iraq Could Replace its Collapsing F-16 Fleet with Russian Fighter Jets. Retrieved from: 28.5.2023 in: https://shafaq.com/en/Iraq-News/Iraq-Could-Replace-its-Collapsing-F-16-Fleet-with-Russian-Fighter-Jets

23. Congressional research service, (2020). Arms Sales in the Middle East: Trends and Analytical Perspectives for U.S. Policy. P. 17. Retrieved from: https://crsreports.congress.gov. R44984

24. Share of arms imported in Iraq between 2000 and 2019, by supplier country. Retrieved from: https://www.statista.com/statistics/1210643/iraq-share-of-arms-imports-by-supplier-country/#statisticContainer

25. Borshchevskaya, Anna. (2017). The Tactical Side of Russia's Arms Sales to the Middle East. The Washington Institute For Near East Policy. Retrieved from: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/tactical-side-russias-arms-sales-middle-east

26. Fleurant, Aude, Wezeman, D. Pieter, Wezeman, T. Siemon & nan tian. (2017). Trends in International Arms Transfers(2016). SIPRI. Stockholm, Sweden.

27. Introductory Remarks at the Meeting with US Secretary of State Colin Powell. (2003). Retrieved from: 29.4.2023 in: http://en.kremlin.ru/events/president/transcripts/21997.

28. Nick Walsh, Nick. (2003). Powell strikes deal with Russia on debt. Retrieved from 29.4.2023 in: https://www.theguardian.com/world/2003/may/16/iraq.russia.

29. To the Victor Goes the Oil, (2003), retrieved 19.5.2023 from: https://en.shana.ir/news/3135/To-the-Victor-Goes-the-Oil

30. About: Executive Order 13303, retrieved 19.5.2023 from: https://dbpedia.org/page/Executive_Order_13303

31. ist of Oil and Gas Fields in Iraq, retrieved 23.5.2023 from: https://www.iraq-businessnews.com/list-of-oil-and-gas-fields-in-iraq/

سێیەم: سەرچاوەی ڕووسی

32. д.т.н., с.н.с. Гриняев С.Н., ..... Коротков С.В. и др. Хроника противостояния в Ираке.(2010). Центр Стратегических Оценок и Прогнозв. Москва.

33. . В.Путин: Война в Ираке грозит катастрофой всему региону.(2003). Подбробнее на: https://www.rbc.ru/politics/20/03/2003/5703b5509a7947783a5a45bb

34. Леонов, Олег. (2010). Российская армия не может противостоять США, В Хроника противостояния в Ираке: Сборник аналитических материалов, Центр Стратегических Оценок и Прогнозов. Москва.

35. Лавров, Сергей. (2023). Подлинная многосторонность и дипломатия против «порядка, основанного на правилах. Доступен на: https://globalaffairs.ru/articles/podlinnaya-mnogostoronnost/

36. ОТВЕТ ЗАМЕСТИТЕЛЯ МИНИСТРА ИНОСТРАННЫХ ДЕЛ РОССИИ Ю.В.ФЕДОТОВА НА ВОПРОС РИА «НОВОСТИ» ОТНОСИТЕЛЬНО ВОЗМОЖНОГО ВИЗИТА В МОСКВУ РУКОВОДИТЕЛЯ ВУС ИРАКА АБДЕЛЬ-АЗИЗ АЛЬ-ХАКИМА. (2003). Подробнее на: https://www.mid.ru/ru/foreign_policy/news/1665469/

37. ВЫСТУПЛЕНИЕ ГЛАВЫ РОССИЙСКОЙ ДЕЛЕГАЦИИ НА ДОНОРСКОЙ КОНФЕРЕНЦИИ ПО ВОССТАНОВЛЕНИЮ ИРАКА, ЗАМЕСТИТЕЛЯ МИНИСТРА ИНОСТРАННЫХ ДЕЛ РОССИИ Ю.В.ФЕДОТОВА, МАДРИД, 24 ОКТЯБРЯ 2003 ГОДА. Подробнее на: https://www.mid.ru/ru/foreign_policy/news/1657107/

38. Асатрян, Георгий & Нерозникова, Екатерина. (2015). Разочарование в Вашингтоне привело иракцев в Москву. Доступен на: https://vz.ru/politics/2015/5/21/746637.html

39. Усов, Илья. (2015). Лавров рассказал, почему «вежливые люди» пока не будут бомбить Ирак. Доступен на: https://www.vedomosti.ru/politics/articles/2015/10/01/611147-lavrov-rasskazal-pochemu

40. Миняжетдинов Ильдар Харрясович. (2017). Нури аль-Малики предложил России усилить свое влияние в Ираке. Доступен на: https://www.ivran.ru/articles?artid=10675.

41. Лавров прибыл с визитом в Ирак.(2019). Доступен на: https://ria.ru/20191007/1559499626.html

42. Внешпол, (2023). Подробнее на: https://vneshpol.ru/diplomat/chamov-vladimir-vasilevich.

43. Сергей Лавров, Сергей. (2020). России нужно не встраиваться, а строить самостоятельно. Доступен на: https://svop.ru/meeting/35431/

44. Хнычкин, Юрий. (2002). Николай Токарев: «Зарубежнефть» умеет работать на международном рынке». Доступен на:https://ko.ru/articles/nikolay-tokarev-zarubezhneft-umeet-rabotat-na-mezhdunarodnom-rynke-107942/

45. Антон Ключкин, Антон. (2009). "Курна" заветная "Лукойл" вернулся в Ирак победителем. Доступен на: https://lenta.ru/articles/2009/12/15/kurna/

46. Министр нефти Ирака призвал компании из РФ к активному участию в нефтегазовых тендерах: ،был получен на:https://tass.ru/ekonomika/5108667

47. О встрече спецпредставителя Президента Российской Федерации по Ближнему Востоку и странам Африки, заместителя Министра иностранных дел России М.Л.Богданова с Послом Ирака в Москве Х.Хади. Подробнее на: https://archive.mid.ru/web/guest/maps/iq/-/asset_publisher/WizNA2SGNvS5/content/id/3299093

48. Военно-техническое сотрудничество России и Ирака. (2015). Подробнее на: Досье: https://tass.ru/info/1981871

49. Финансирование террористической организации Исламское государство Ирака и Леванта. Отчет ФАТФ. Статья в журнале «Финансовая безопасность», 2015 г., № 8. Подробнее на: http://nac.gov.ru/publikacii/stati-knigi-broshyury/finansirovanie-terroristicheskoy-organizacii.html

50. Алексей Никольский, (2019), Ближний Восток становится крупнейшим рынком для российских вооружений, подробнее на: https://www.vedomosti.ru/politics/articles/2019/02/18/794445-blizhnii-vostok-stanovitsya-krupneishim-rinkom-vooruzhenii . посетил в: 29.5.2023